# له بەرزاییەکانی مەزرا بۆتانەوە

(کۆمەڵە هەڵبەست)

ئازاد کەریمی

وێنه ی به رگ ئامانج ئه مین

## یەکێتیی نووسەرانی کورد
## مەڵبەندی گشتی ٥٩

ناوی کتێب: لە بەرزاییەکانی مەزرا بۆتانەوە
بابەت: کۆمەڵە هەڵبەست
نووسینی: ئازاد کەریمی
چاپی یەکەم،٢٠١٣،هەولێر
دەرهێنانی هونەری بەرگ: ئامانج ئەمین
چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٠١) ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە

* مافی چاپکردنەوەی بۆ یەکێتیی نووسەرانی کورد پارێزراوە

## پێرست


- زاییینی مانا
- لۆرکا
- شاعێر
- قەقنەس
- مەرگ
- هەواڵی بوون
- وەڵام
- پێش بینی
- ئەوینی قووڵ
- بیرەوەریەک لە عەشقێکی کۆن
- هەروا باشە
- لە بەرزاییەکانی مەزرا بۆتانەوە
- پاییز
- دەردی دوری
- چیرۆکی بەرد
- زەنگی بێ وەڵام
- ئە زموونی باوک بوون
- سیمای جوانی
- شایە تی
- جوانی و ژن و شێعر
- چراخانی
- ئازادی
- بایە خ
- نامیلکە
- دایکی کورد
- جرج
- بباره!
- جە ژنی ڕە نگە کان
- دە ردی شە وە زە نگ
- شێخ ڕە زا تاڵە بانی
- سە قز
- باوکم
- سە رباز و شاخ

**زایینی مانا**

بۆ سه یدا جگەر خوێن

له زارم دا
دوو وشەی ئاڵ خۆی ئالاوه
وەک ئاولەمەی زگی دایکێک
دو وتەی جوان ،
که شیرینن وەکوو هەنگوین
وه کوو هه ستی بژی نێرینه بو مێوینه که ی
به جوانی جووت بوونی
وشه و بەیت و بلوور

وەک وشکایی گەروی خاکێک
ئەبزرێنێ نەزۆکی بیابانێک
ئەبزوێنێ حەزی گەرمی شنه ی هاوین !
له هزرمدا
دوو ئاژاوه هان له کێشه و یەکتر بادان
له گەوزانی ئەم دوو هەسته
له سەر نوێنی بووکی ئەوین
له ناو هەستی زاوای شه رمین
له ئاسمانی تاکی خەونم
هەڵدێن وەکوو " دوو هەنجیران[1]"
له ناو نه رمه ی دڕووی پەرژین
دوو گەلای سەوز سەریان هەڵدا
یەکەم ئامانج، دووهەم هیوا.

سنه– 25/Jun/99

1-- دوو ئەستێرەی ئاسمانن

## "لۆركا"

برام لۆركا ،
گرانادا شاری تۆیە و
كوردە واری داڵغە ی منە!
قەرە چیەكانی هەڵبەستت
وا ئەنوێنیَ
دڵە ڕاوكێی ناخی منن
بۆیە منیش هەر وەكوو تۆ خۆشم ئەوێن.

ئەو كچە كۆڵوار بە كۆلە
بەو ڕوانینە نەرم و نۆڵە
چاو پڕ لە كل
ئەوین لە دڵ
وا ئەستێرە بە چاویدا ڕوانی بە سڵ
لای ئیوە بیَ لە گرانادا
یان لێرە بیَ ، لە شار، لە دیَ
خۆشم ئەویَ، هەر وەكوو تۆ خۆشت ئەویست
گرانادا.....

لۆركای نەمر!
منیش وەک تۆ
ئەوینداری و بۆنی باران باش هەست ئەكەم
چیا و كوێستان
مێرگ و شمشاڵ و بالۆرەم
زۆر خۆش ئەویَ
تەمبوری دەستی كیژەكانی ماڵ بە كۆڵ
- وەک گیتاری قەرەچیەكانی ئاندەلۆس
لە كێوەكانی كوردستان
وەک ناوچەی تۆ ، گرانادا
گوێچكەی سنوور ئەزرنگێنیَ.

خۆشم ئەوێیت لۆرکای نەمر!

برای هەموو شاعێرانی هاوبیری تۆ!

برام لۆرکا!

سنە 19/Aug/99

## " شاعێر "

شاعێر!
دەنگت بەرز بێ لە ناو مەندی گۆم دا
ماسیە وردان،
شێعری تۆیان ئەوێ
گەرچی قرژانگ دەستی چەقی
لە هەستی تۆ
بەقین و داخ ئەقووچێنێ
باش ئەزانیت
بەرچاو تەنگە، پیسە، چەفتە
قەت نایەوێ تۆ ببینێ!
تۆ وریا بە!
گەرچی گۆم و زەریا و شوشە
جێ ماسی یە
بەڵام ئەتۆ
لە ناو ئاودا
لەناو شووشە
لە بن بەرد و قەوزەی کانی

شێعرەکانت بۆ ئەو بێژە
گەرچی دەنگت سووک و نزمە
دڵی قرژانگ بە چرپەی تۆ
لە نێو ئاودا
ڕەش و ڕێژە!

29/JUN/99 سنە

# قەقنەس

ئەستێرەوان!
بۆ چاو ئەبرێتە ئاسۆی رەش
ئەستێرەكانی ئاسمانت
رەنگیان نیە!

بۆ ئەڕوانیت بە گەردووندا؟
ئەو ئاسمانەی كە شایە نی ڕوانینە
كوردستانە!
ئەستێرەكان گەلی كوردن
زۆر لە مێژە گزنگ ئەدەن!
بۆ نایبینی؟
ئەستێرە بوون زۆرگرانە:
بۆ پرشنگێك
جەرگ و دڵ و خوێن و دەمار هەڵئەقرچێن
ئەتوێنەوە!
- وەك تەرمی شەم-
دڵۆپ دڵۆپ
دائەچۆڕێن بە سەر خاكدا.

"گۆتە"ی نەمر!
بۆ ئەسوورێیت لە مێژوو دا ؟
"هەلاج"[1] و "جرجیس"[2] و " بودا"[3]
كوا گریان گرت ؟
كامیان وەكوو كوردی سەر سەخت
بوون بە قەقنەس؟
قەقنەس كوردە!
هەر سوتاوە و
بووژاوەیە
شەو تا سبەی
ئاگر بیكات بە كۆی زوخاڵ
بەڵام بەیان
بە ڕاشكاوی هاوار ئەكا:
ئەمن ماوم!

له مێژووی من

وشەی نەمان واتای نیه

مەرگم نیه

بێ کۆتاییم هەر وەک ژیان......

19/Jul/1999

## مەرگ

دەستی لە ملم ئاڵاند
وەک دوو لاسکی تەنکی لاو لاو
- لە باڵای سەوڵ-
ئارمانجانێی کرد بە تیری ئەوین
- دڵی ئەوین خوازم-
تەوری ئاڤدینی مە رگ ،
زەوی ئاواتی عەشقمانی کرد بە بیابان
بە هە ستی من باژۆی بابۆم
بە هەناسەی ئاکام
خزاوەتە سەر زەریای هیوا
ئاخۆ کەی بێ بگەمە لێواری وشکانی مڵکی مەرگ؟
گەرچی باش ئەزانم دەستی بێ هێزی من
مەچەکی مەفرەقی ئەو با نادات!
بەڵام ئەگەر بگەمە ئەو خاکە وشکە
باخە ئارج و باوەشێ زەل ئەکەم بە پەرژین
تا مەرگ بخەمە قەفەس
بڵێی وا بکە م؟
سەقز 29/sep/99

**چیرۆک**

خوڕە و هاژە ی ئاوێکی ڕوون
دێتە گوێم
ڕوانیمە دەرکی چاو برسی ئاسمان ...
لام وابوو
دەستی لە دڵی ترازاوە و
پرشکەی دەروونی ئەپژێنێ
بە داخەوە!
تاڤگەی هەتاو بوو
فرمێسکی چاوی لاوی دڵشکاوی
ئەدا بە قەبرغەی ئاسۆدا
گوایە منیش هەم !

نیسانی 98 / کرماشان

## وەڵام

کۆتر ووتی :

ناوم واتای ئاشتی یە

سەیوان ووتی:

سێبەری من

ئاواتی ئەو گەلانەیە وا لە شەڕ

یاخین!

سەوڵیش ئەڵێ :

باڵای من پێک هاتوە بۆ ئازادی

بە من ئەڵێن سەوڵی ئازاد !

قەفەس ووتی:

گەر من نەبم

کێ ئەزانێ

ئاشتی و دۆستی و ژینی ئازاد

مانای چیە؟

مرۆڤ ئەڵێ:

ئەرک و ژانی هەبوونی من

بۆ ژیانە....

**ئەی مەرگ چیە؟!**

29/sep/99 – سەقز

**پێش بینی**

بۆ شێرکۆ بێکه س

ئەو دەسرەیە وا تۆ وتت:
پێڵاوی خودا ئەماڵێنێ
- کاتێ کە من هێشتا زیندوم-
حەمە چکۆلە بۆیاخچیە
ئەیگرێتە دەست
هەر وەک ئاڵا
بۆ کوردستان!

سنە 10/Jun/99

**" ئەویندارانە"**

هاوڕاز و هاوبیر و هاوژین
هەر هی منی!
کێ یە وەک تۆ
پەڵپ و بیانووی منی ماندوو
ئەبڕێتەوە!؟
کێ یە وەک تۆ
لانکی ئامانجی ژینی من ڕائە ژە نێ
ئەسرینی تۆ ،
تام و بۆنی ناو جێگەمە
بۆنی بسکت ،
گوڵباخی یەو هەڵی ئەمژم!
پەنجەی شووشت،
شانە ئەکا قژی پیس و ئارەقاویم!
دەستت خشاند بە سەر لێوم
باسی دەردی ئەوینی قووڵ ئەدرکێنێ
هەناسەی من وەڵامێکە بۆ هەستی تۆ:
ئاسۆی شینم!
خۆشم ئەوێی
گەزیزەی چواروەرزی ژینم!

سە قز 29/Sep/99

## " بیرەوەری یەک لە عەشقێکی کۆن "

خۆشم ئەوێیت ئەی ئەستێرەم
من ئاسمانم و تۆش ئاسۆ
منیش هەورم.

هەروەک دارێکی خۆڕسکم
لێوت گەزۆ
پرچت گەڵا
بەژنت وەکو لاولاوێکە
ئاڵاوەتە ناوقەدی من .

یادت وەرزی پاییزانە
عەشقت برووسک
فرمێسکەکانت لێزمەن و
دائەبارن بەو مەزرادا
کە شەتڵی دووری هەردوکمان
لە خوار و ژووری شێوی دا
چرۆی داوە.

پرچت پەڵە و
شانەی پەنجەم خاکی تینوو .

هەناسەی تۆ، شەپۆلی تاسەی ڕووبارە
بۆ هەستی لووتکەی کەشتی یەک لە سەر ناخی
یان خانەخوێی زەماوەندی لیلووپەڕ و پەپوولەیە
دەروونی تۆ!...

ئەی ئەوینم خۆشم ئەوێیت
ئەی ناسک بەژن
گوڵاو لە سێحری عەتری تۆ
تەلیسم شکاو
لە شەڕ دۆڕاو
کەنیزێکە لە دیوانت.

خانمه گوڵەی وەرزی بەهار
شاژن، شاپەڕ ، شاماسیەکەم
من پانتایی دەریای دوورم
گڕ و گه رمای هاوینی سوور،
سەرهەڵدانی شه پۆلێکم
بەرەوخواریی شەڵاڵێکم
وا ئەمباته بن مێژوی بەرد
بەرم ئەدا بەره و ڕۆچوون، بەره و لافاو.

کێ وەک منه و پیاوی مەیدان؟
کێ وەک تۆیه و زینی دەوران؟
ژنێک وەک تۆ لاو و لاوەند
پیاوێک وەک من له دیل و بەند.

چاوه ڕوانی هەواڵێکم
له دەم زریان
له دەم شەماڵ
شنەی ئاوازی پەیڤینی تۆم بۆ بێنێ.

خۆزگه زەمان تۆمارگه با
به شریتی زەینی ساتێکدا
ئاوازێکی بێ کۆتایی تۆمار ئەکرد
بۆمانەوەی سترانی تۆ
له هزرم دا
که پڕ ژینی، گڕ و تینی، هەستی **زینی**
بۆ برانەوەی ژینی دەیان هەزار **مەمی** وەک من ....

سەقز 28/Aug/2006

## " هەرواباشە"

هەر واباشە پاک بمێنمەوە
هەر وەک هەڵاڵە برایمەی بناری زێویە[1]
لە پاییزدا.
هەر وا باشە تەنیا بمێنمەوە
گەرچی لە باشیی ئەم تەنیایی یە دووشکم.
با تەنیایی بۆ خوا باش بێ
نە بۆ من
کە عەبدێکی ئەسیرم لە ئاڵاوگە ی زنجیری چارەنووس دا.
هەر وا باشە شێعر بڵێم
هەتا ئەو کاتەی پاڵم ئەدەنەوە
بە تەڕایی دیواری مەزارەکەم دا
بەڵکوو ئیزراییل بە نەشەی وشەکانم
ئاشق بکەم و
بە نەرمایی هەستە شێعراویەکانمەوە
ڕاخوشێتە جەستەم بۆ گیان کیشان.
هەر وا باشە دەرکی دڵم بە شە قڵی تەنیایی مۆر کراو
داخراو بمێنێتەوە

باخەلەی هەمباری نەزۆکی ژینم
پەپوولە هەڵبێنێ
با وێنەی ڕابردووی ئەویناویم تۆز بیبات
ئێستا
کە مۆتەکەی جیاییش
تێی ناڕوانێت...
هەر وا باشە بە درۆ
باسی جوانی بکەم، باسی خەیاڵە ڕەنگنامەکان بکەم
باسی هەست و ئەوین و گوڵباخی و
گوڵاو و شەربەت و قەزوان و
ئەگریجەو سمڵ و
خشەی کراسی شۆڕی ژنێک بکەم
کە بە پاپیلکە کانی ماڵی گەنجایەتیم
لە شەوێکی سێحراوی دا

یان بەرە بەیانێکی باراناوی دا
[کە بۆنی تەڕایی هەناسەی خۆشەویستی لێوە ئەهات]
سەر ئەکەوت بە دزی یەوە
لە بە ر ئە وە ی جریوەی سیسرک نەبڕێ و
شنەی تەنیایی دووانە[2] نەبزوێنێ
بۆ هەڵمژینی گیانی پیاوێک کە خوشی ئەویست
بە ساکاری...

***

پەنجەی پاییز گووشین
بەلەپی تەڕ لە لینجیی گۆییژەوە
یان ڕامووسانی پەڵەو خاک
-بە گیانی پاکی هەڵاڵە برایمە سویند ئەخۆم-
هەر وا باشە پڕ بێ لە هەستی ناسک و خەوناوی
هەروەک : تاجی زەیتون
بە سەر پەیکەرێکی یۆنانیەوە
یان وەک چاوی شیرین
کە بڕیویەتە ئاوەڵایی دەرکەوە
بۆ بینینی کاتی پیرۆزی هاتنی فەرهاد
یان وەک کەروێشکەی جاڕە گەنم
کە جوانترە لە تراویلکەی سەحرا.
هەر وا باشە ... هەموو شت وەک خۆی بێ !
- کێ بەرەنگارە؟
- کێ بەر هەڵستکارە؟
- کێ مەودای بەربەرەکانێی پێ دراوە
تاکوو چوار وشەی ماخۆلەی شێعری من ورەی ببێ و
بەر بێتە مشت و مڕ لە گەڵ ئەم گشتە
" واباش بوون" ە هەمیشەیی یانە؟

هەر وا باشە شەیتانەکان دۆڵپای ناپیاوەکان و نا ژنەکان بن
هەر وا باشە لە هەوساری نەوسنیی خۆیان دا

یەک دەنگ بن لە گەڵ مۆسیقای
ئەم شێعرە کۆنەدا
کە بڕیاری ئاسمانی یە و ئەڵێ:
هەر وا باشە کە وابێ!

***

- کێ بوو وتی هەر وا باشە؟!
هەموو کەس بێ ، من نیم!
من بێ دەنگم لەم ئاهەنگەدا
بێ دەنگ وەک بەرد و دار و ئاسن و
منارەی مزگەوتی خەسرەوپاشا [3]
من لەم بەزمە دا بەشدار نابم کە نەوسنەکان
بە لەغاوی شۆڕەوە
لیکی ژاراوی بچەکێنن و تف فڕ بدەن و بنرکێنن و
بە هەستی ڕاستەقینەی ئەوینداران پێ بکەنن...

با ئەوان بڵێن هەر وا باشە
منیش هەر با بێدەنگ بم
با وا بزانن من بەزیوم
من دۆڕاوم
لەم دۆزە دا مەحکووم کراوم
پێ شێل کراوم
لەم بەرەدا دەر کراوم
لە ژیانم دا جوانکوژ کراوم
- هەر وەک هەڵاڵە برایمە -
بە گیانی ئەو شەهیدە سوێند ئەخۆم
هەر وا باشە وا بزانن...
من بۆ خۆم باش ئەزانم
چۆن باشە و کێ باشە !
سەقز 18/Oct/2006

---

1 – قە ڵاییێکی بە ناوبانگ لە چل و شە ش کیلومە تری رۆژهە ڵاتی سە قز کە بە سە ر گردێکە وە دروست کراوە و ئا سە وارێکی هە رە کۆنی مێژووی کوردە و هی سە دە ی نۆ هە م هە تا سە دە ی حە وتی پێش زایینە .ماننا کان بە رپایان کردوە .

**له بەرزایی یەکانی مەزرا بۆتانەوە ....**

له بەرزایی یەکانی مەزرا بۆتانه[1]وە
ڕوانیمه جەولەی مێژوو
وا بێ چرکه ، هەنگاوی به سەر
بوارەکانی زێ[2] و فرات[3] دا هەڵ ئەهێنا
و گەردوونی تاوتوێ ئەکرد .
هەناسەی هەوره گرمه ،
له گەرووی دا وەستابوو
هەر وەک زینده بەچاڵەکانی شاڵاوی ئەنفال[4]
وا له هێڵه سەرەونخوونەکانی وانەی وڵاتپارێزی
شەمشەمەکوێره[5] دا
خوار ئەبوونەوە بەرەو
قووڵایی زه وی
تاکوو ئاڵای حەرامزادەی تکریتی[6]
بەرەوخوار داچێنن ؛
له مزرایی گڵەجانه[7] و خۆڵه زەردەی ژەنگاویی دا .

کۆتاڵی ڕەنگنامەی سەرداری دۆڕاوی قادسیه[8]
شەکاوەیه

له هەوای مەرگ دا ، له بن زەوی....

له بەرزایی یەکانی مەزرا بۆتانەوە
ڕوانیمه جوودی[9] ،
پیر نۆح به خشته خاوەکانی ئازار حادوون[10] دا
کارەساتی قڕکردنی کانیەکانی[11] تۆمار ئەکرد و
له تاو مەیته پڕووکاوەکانی هه ڵه بجه[12] دا
لافاوی گه وره[13]ی له بیرەوه چبوو...
بەڵام ئاوی چیرۆکی نوح ،
لافاوی مەرگەسات بوو
خۆ فرمێسکی جامبازانه ی دیکتاتۆر نەبوو
ببێ به خۆره و له کالێنەی چاوی ژیان بدا ...

ئاخ ...

با شه و دابێت و شەمشەمە کوێرەی قەراغ دەجلە
به خۆشی یەوە باڵ بگرێتەوە و
له ئەشکەوتەکەیدا
پەپوو بخوێنێت و چەقەڵ بلوورێنێت و
له سەگوەڕی ئێوارانەی گیانفیداکانی دا
شەڕ بکرێ بۆ داکرۆژتنی کە شکە ژنۆی
پیرە پیاوێکی لێ قەوماو
کە بە کەڵپەی قینی گۆڵێکی دڵ ڕزاو
هەلاهەلا کرابوو

ئێستاش شەڕە
له سەر کڕووسانەوەی پەراسوویێکی
بەشەق شکاوی ...

له به رزایی یه کانی مه زرا بۆتانه وه
هاوارم بو بێستون[14] هێنا
زرنگه ی ته شووه که ی فه رهاد[15]ی کۆکه نم هاته گوێ
ده نگم له ناو نرکه ی ناخی فه رهاد دا ون بوو
بۆ باڵای شیرین[16]چیای ئه سواند و
له سۆی دڵی دیله کانی دارا[17]ی بێ دڵ
بێ ئاگا بوو...
سه رکرده کانی[18] به رده نووسی بێستوونم بینی
له که له بچه دا چاوه ڕوانی مردن
و دڵ به دوای چاره نووسی هۆزه کانیان بوون
هاواریانم بیست
بانگیان کردم به سۆز
به گیانی زه روان[19] و به ئه روانی[20]چاک و پیران
سوێندیان دام به کوڵ
وا بیانکه م به شێعر
و به سه رهاتیان به حه سره ته وه بهۆنمه وه...
کردیانم به هه ڵبه ست
به ده م هۆنینه وه بانگم هه ڵدا و
نه حله تم له شه ڕ و شۆر و زنجیر و شکۆی شاهانه کرد
که پێڵاوی ده مار توندی به سینگی وره ی به شه ردا ؛ ئه دا
و هه ستی به رزه ده ماخی ؛

خۆی لە شان فە ڕی خودایی ئە کوتێ ...

لە بەرزایی یەکانی مەزرا بۆتانەوە

ڕوانیمە ڕاستەی شارەزوور[21]

لاقە فرتەی لایەنگرانی مەزدەکم [22]بینی

هەر وەک ئالآی شەمشەمەکوێرەکەی قەراغ دەجلە

سەریان لە بن دا بوو

پێیان بە ئاسمانەوە ...

خەسرەوی دادپەروەر[23]بە بێدادی

کەوتبووە قڕکردنیان

وەک باوە گورگە[24]ی سالۆنیکا[25]

کە ئاسکی لە چۆڵگە ی مووش[26]دا نەهێشتەوە !

لە بەرزایی یەکانەوە

ڕوانیمە مەزرابۆتان

ئیبراهیم[27] لە ئاگردا یە و

بیر لە دوایین ئە زموونی یە زدان ئە کاتە وە

و سە ری سووڕ ماوە لە و خە ڵکە وا

باران لێیان ئە دا و تە ڕیش نابن ...

هێشتا نۆح خەریکی نووسینە

و یۆنس[28] لە بن دار کوولەکەدا [29]وەنەوز ئەدات

و زەردەشتی[30] پیریش ،

قولی هەڵماڵیوە و لە کەناری

چەمی جەخەتوو[31]دا

بە دوای بوارێکدا وێڵە

بۆ پەڕینەوە لەم ئاوە سامناکە

تاکوو ڕێگەی تاراوگە بگرێتە بەر.

مانی[32] ی وێنە کێشم سەرنج دا ؛

خەونی بە کچێکەوە ئەبینی

کە ڕوومەتی گەش بوو

پرچی ڕەش بوو

بەرینایی دڵی بە قەد پانتایی کەش بوو

بەڵام سۆمای چاوەکانی لە خۆشی ، بێ بەش بوو و

گلێنەکانی بە دوای کانیاوێکدا

سەرگەردان بوون

که تێیدا هەندێک بگرین و خەم بە با بدەن ....
بەڵام پەڵکی چاوی کچەکەی خە یاڵی مانی
خەونی پیرێژنێکی جەرگ سووتاو بوو
کە لە ڕامانی دا بە دوای سەردەمی ڕابردووی دا ئەگەڕا :
ئەو کاتانەی کە شاد بوو
خەمی کەسی نەبوو
لە بەرزایی یەکانی بۆتاندا
مەزرای دڵی شۆڕە سوارانی
بە پەنجەی تیژی شانەی ئەوین
ئەکێڵا و بە نازەوە لەنجەی ئەکرد
و
پرچی ئەدا بەدەم باوە ...

ئای بۆتان ، ئای بەرزایی یەکان ، ئای مەزرا و مێرگە نەخشینەکان !
ئەی ساردە کوێستانەکان ، هەوارە بەرزەکان ، لووتکە بە فراویەکان !
ئەی گاشە بەردەکانی دەربەندی زاخۆ[33]
کوانێن ئەو ئەسپانەی کە پێ با [34] بوون و
لە لووتیانەوە هەڵم بە گڕی هەناسەوە دەر ئەهات
و ناڵیان
لە ئاسنی ئاسنگەرخانەی کاوەی ئاسنگەر[35]دا بۆ ئەکرا
و لە غاویان ،
بە ئاورێشمەوە بۆ ئەچنرا
و زین و بەرگیان ،
لە چەرمی کەڵی کێوانی لەند[36]ەوە بۆ پێک ئەهات
و سوارەکانیان ، دڵیان پڕ لە هیوا بوو
[هەر وەک تروکەی دەماری خونچەی گۆزروان]
وا لە شەڕی پڕ شکۆی دوژمنبەزێن ئەگەڕانەوە و
هەستیان بۆ گووشینی هەناری سینگی یار
وەک چاوی چاوەڕوانی
مەحبوب
کە بۆ هاتنی شۆڕە سوارەکەی ئەوینی ئەفڕێ
ئەفڕی....؟

کوانێن ئەو سوارانەی کە شمشێریان
هەوری ئەدڕی و بەردی دائەهێناو
ئاسنی بە تێخی پۆڵایینی خۆی لەت ئەکرد و

له بەر تاودا ئەدرەوشیەوە

و زاڵەی دوژمنی ئەتۆقاند

و ئاوی چاوی شێری ئەستاند؟

بە نووکی زەرگی ژاری ماریانەوە

کام ئەژدیها خۆڕاگر بوو؟

چزی کام دووپشکی ترۆ

نەدەبوە شیرینیی هەنگوینی کۆساڵان[37]

لە دەمی تاک و تاڵی کۆنە ڕاوچیەکاندا

بە ڕم بازێنی ئارانزۆ[38]ی دلێر...؟

لە زەبری گورزیان

تۆ بڵێ کام جوامێر لە خوێن خەڵتان ڕزگاری هات

و ژنی کام سەردار

نەکەوتە شەقامی بێ مێردیەوە

و

کوڕی چ شەڕکەرێکی نەبەز

فرمێسکی هەتیوی دانەوە راند ...؟

لە مەزرا بۆتانەوە

بۆنی قەزوان و زەیتوونم کرد

دایە پیرە ڕۆنی لە زەیتوون ئەگرت

شەنگە بێریش قەزوانی ئەکردە مەشکەی دۆوە

ڕۆنیان بردە دیوەخانی میری جزیر[39]

تا لە چرای سەر تاقدا بگرێ و

شەوق بداتە سەر سیمای ژاکاوی زینی[40] بێ مەم ...

دۆیان تێکەڵ بە ژار کرد

و بردیانە زیندانی مەمەوە[41]

با بیخوات و لە دەس ئەم ژینە تاڵە

ڕزگار بێت و

بەکۆ[42]ی ناپیاو

هەناسەی بێ غیرەتی هەڵبکێشێ و

لە دڵ خۆیەوە پێ بکەنێ

بە ئەوین و ئەویندار و ئەوینداری یەوە !

لە بە رزاییە کانی مە زرابۆتانە وە روانیمە لالە ش[43]

پیری موغان[44] پێی ووتم

مرۆڤ زایندە لە ئاوە و چ باشە

ببین بە ساردکە رە وە ی کڵپە ی ئاگری قین

ئه و كاته ی وا بیر له كوشتن ئه كه ین ،

هه ندێ خه فه ت بو ژیانیش بخۆین

ئامۆژاریه كه م گواره له گوێ كرد و

ده نگی هه ڵپه ڕكێی سه ماكه رانی پیر شالیارم[45] بیست

و له دووره وه

ڕوانیمه جه مخانه ی[46] یارانی سوڵتان سه هاك[47]

هه موو له بێ ده نگی دا هاواری ئاشته وایی یان ئه كرد و

به یا پیر یا پیر ئاگری دڵیان ئه گه شانده وه

ئای سێداره كان،گوریسه گرێدراوه كان

وا ئاره قه ی بن گه ردنی خاوی گه رده نگازان

بۆنی عه تراویی پرچ و پۆڕی شه هیده كانی

دێرسم و سه قز و بۆكان وموسڵ و ساسۆن و ئامه د و مه هابادتان

به یادگار هه ڵگرتوه

ئێوه و لانكی كۆرپه باوك كوژراوه كان

له دارێكن،له سرووشتێكن،له خاكێكن

به ئه مری دوژمن

له دارستانه چڕه كانی بناری زاگرۆس

تاشران وبوون به كه رته وه

یه كێك بوو به سێداره و

باوكیان پێدا هه ڵواسی و

ئه وی تریش

بوو به لانک و ڕۆڵه یان تێدا به خێو كرد ...

دایک هه مان دایكه

چ ده سرازه به كۆرپه دا توند بكات

چ ڕۆڵه له سێداره بترازێنێ وه ک

شێره ژن[48]

وه ک دایكی عه لیره زا

وه ک ئه و دایكانه ی لانكه یان ڕاژه ند و

سێداره یان هه ژاند...

داری باخمان به به ره و

شه هید میوه ی دارستانی وڵاته! و دایكان،

باخه وانی باخی كوردستانن...

ئه ی په روه ردگار!

ئه و ڕاستیه بدركێنه:

له وه ی به ربات كردوه،

كوێ جوانتره له كوردستان؟

کام به ردی به سه نگ

کام گه وهه ر و مه رجان

بایه خدارتره له فرمێسکی هه تیوانی نیشتمان؟

ئای مه زرابۆتان

ئه ی ئه و به رزایی یانه ت دایه نگه ی

شێخی شه مزین[49] و شێخ عه بدوسه لام [50]وشێخ سه عید[51] و شێخ مه حموود[52]ن

ئه ی سه رچاوه کانی ئاراس و دیجله و فرات

وا هه ناسه تان

به بۆنی وشه عه تراویه کانی سه ید ڕه زا[53]وه بۆنخۆشه

ئه ی ده ریای شکۆمه ندی ورمێ

خێوه تگه ی سه ربه رزی میری میران به درخان[54]

هه وارگه ی سمکۆ[55] و قاسملوو[56]

ئه ی چوارچرا[57]

ئه ی چنارستان[58]

ئه ی بارزان[59]

ئه ی ده شتی هه وه توو[60]هه وارگه ی هۆزی گه ڵواخی[61]

ئه ی بست به بست دێرین و گه شاوه

یادگاری گاتا[62]و به ستۆر[63] و زه ریران[64]

گه نجینه ی به خته وه ری و خۆشه ویستی...

ئای هێنده نازداری وه ک سینگی دایک

وه ک ئامیزی یار

وه ک وتنه وه ی شێعری نیشتمانی...

تۆ خاکی منی، خانووی منی

خان و مانی منی

هاوبه ڵێنی منی

بۆ ئازادی و ئاشتی و سه ربه خۆیی

ئه ی به رزایی یه کانی مه زرابۆتان

ئه ی شه ره فی شه ره فمه ندان

ئه ی تاجی سه ری شکۆمه ندان...

منیش له هه نسکه کانمدا

بیرم له خۆشه ویستیه ک ئه کرده وه

که هه موو هه ست و ده ماره کانمی داگرتبوو

بۆ ئه و خه ڵکه ژیره وا

دنیا له خه و دا بوو

ئه وان وریا بوون و چرپه کانی دڵیان بیستم

هه تا هه تایه به قوربانی ناخ و دڵیان بم
وا پڕه له ئه مه ک داری و پێشوازی
ئه ی باشوور
ئه ی هه وارگه ی خۆ ڕاگری و ژیان
سه رم له پێناوتدا
وا پێناسه ی وڵاتی منی.

ئای کوردستانی من ....
چەندە جوان و نەرم و نازداری !
ئاخ نووری چاوانم ...
مەزرا بۆتان و بەرزایی یەکانی ،
تاڵە برژۆڵێکی چاوی تۆن
که دنیای ڕووناکی لێوه دیاره !
فرمێسکی تۆ
ڕنووی زستانی خەم و پەژارەی
هەموو کوردێکە
کەوا
بە خەم
گەورە کراون
ئای مەزرا بۆتان
ئای بەرزایی یەکان
ئای هەتیوەکان
ئای....

---

1- وشه یه کی یۆنانی کۆنه به ناوی مێزۆپۆتامیا که له کوردی دا وا ئه گوترێ : مه زرا بۆتان به واتای نێوان دوو ڕووبار.. هه ندێکیش پێیان وایه به واتای مه ڵبه ندی هۆزی بۆتی یه به ڵام وا نیه مه زرا بوتان برێتی یه له ویلایه تی کۆردۆیین ی سه رده می میدی یه کان هه تا ئیسلام که هه موو ناوچه کانی نێوان دوو ڕووباری گه وره ی ده جله و فرات ئه گرێته وه .
2 – دوو ڕووباری تری کوردستان که به زێی گه وره و بچووک به ناوبانگن. عه ره ب به زاب ناویان ئه بات.
3 – ئه فراتیس به یۆنانی کۆن. ڕووبارێکی گه وره ی کوردستانه.
4— وشه یه کی قورئانی یه به واتای حه ڵال بوونی گیان و مال و نامووس و سه رمایه و کێڵگه و دارستان و گه له خانی ناموسڵمان بو موسوڵمانان.
5 - مه به ست سه ددام حسێنی بێ ویژدانه.
6- مێژوو ئه ڵێ ژنێکی قه ره چ به دایکی سه ددام حسێنی ووتوه ئه و مناڵه ی ناو زگت له ناو ببه له به ر ئه وه ی دنیا غه رقی خوێن ئه کا ت. دایکی سه ددام ئه مه ی باس کردوه...
7- به جۆره قوڕه سووره یه ک ئه ڵێن
8- به ره ی شه ڕی عه ره به موسوڵمانه کان و سپای ساسانی له 622 زایینی دا .لێره دا مه به ست سه ددامه
9- چیای به ناوبه نگی شوێنی نیشتنه وه ی گه میه که ی نۆح له ده ور و به ری شاری شه ڕنه خ له باکووری کوردستان
10- شای به شکۆی ئاشوور
11- سه ددام حسین بڕیاری دا له پرۆسه ی ئه نفال دا هه موو کانیاوه کان به بێتۆن و چیمه نتۆ وشک بکه ن.
12- کاره ساتی کیمیا باران کردنی هه ڵه بجه به ناوبانگتره له وانه ی وا من باسی لێره دا بکه م.

13- ماجه رای لافا وی حه زره تی نۆحه وا دنیا بوو به ژێر ئاوه وه

14 – شاخێکی گه وره یه له سه ر رێگه ی کرماشان بۆ هه مه دان واته هه گمه تانی مێژوویی پایته ختی ماده کان . له خۆی دا ناوی به گستان یان به غستانه به واتای هه رێمی خودایان. ئه م شاخه بۆ میدی یه کان گرینگ بووه و شوێنێکی پیرۆزه. له کۆندا هه رکات که سێک شوێنێکی داگیر بکردایه خواوه نده کانی ئه و شوێنه ی زه وت ئه کرد ئه یبرد بۆ پایته خته که ی خۆی. له به ر ئه وه ی ماده کان به گه کان واته هێما خه یاڵیه کانی ئه و هێزانه ی که دنیا ئیداره ئه که ن یان ئه په ره ستی و هه رێمی ئه و به گانه ش ئه م شاخستانه بوو کاتێ له پاش نۆزده شه ڕ دارای یه که م هه موو سه رکرده میدی یه کانی سه رکوت کرد له نزیک هه گمه تانه ی پایته ختی ماد که سی ساڵ بوو له شکۆ که وتبوو له م شاخه پیرۆزه دا باسی سه رکه وتنه کانی نووسی.ئه مه ش به واتای هه ڕه شه و هه ر وه ها سووکایه تی کردن به میدی یه کان بوو....

15- به ردتا شی به ناوبانگی چیا ی بێستوون وا له تاو ئه وینی شیرین دا جۆگه ئاوی له به رد بۆ شیرین تاشی پاشان به حوکمی خه سره و په روێز چیای به گستان (بێستوون) ی تاشی له به ر ئه وه ی خه سره و بریاری دا بوو گه ر فه رهاد بێستوون بتاشێ ئه ویش ده سبه رداری شیرین ئه بێت. به گفتی کوردانه ی ئه م چیرۆکه گوایه پیرێژ نه ک که وا له زاری کوردان دا به فه رهاد کوژ ناسراوه له لایه ن خه سره و په روێزه وه ده نه دراوه که فه رهاد له ناو ببرێت. فه رهاد کوژ به فه رهاد ئه لێ ئه ی فه رهاد ی ماڵ وێران بۆ وا دانیشتووی شیرین مردوه. فه رهاد له تاو دا به ته شوه که ی ده ستی خۆی ئه کوژێت... هونه رمه ندی کۆچ کردوو شه هاب جه زایری به زاراوه ی له کی ئه م ماجه رایه ی به ستران خوێندوه وله رادیۆ کرماشان تۆمار کراوه.

16 – خاتوو شیرین برازای خاتوونی ویلایه تی ئه رمین(به شێک له باکووری کوردستان بووه ). دواتر دڵ به خه سره و په روێز ئه دا و ئه روا بۆ تیسفوون

پایته ختی ساسانیه کان و تووشی کێشه و گرفتی زۆر ئه بێت و له ئاکام دا شوو به خه سره و په روێز ئه کات.

17- دارییووش سێهه م ده سه ڵاتداری هه خمینی(549 ـ486 پ.ز) کوڕی ویشته سپ

ساڵی 522 پاڵی به ته ختی فه رمانره وایی داوه ته وه. له پاش کامبودیه هاتوه. سه ره تا گه وماته ی مۆپوتی ماد ی کوشت و پاشان که وته گیانی هه موو ڕکابه ره کان و نه یاران و دوژمنانی خۆی.

18- دارای یه که م به شێوه یه کی تووش و بێ به زه یی یانه له نۆزده شه ڕ دا و بۆ ماوه ی دوو ساڵ یازده سه رکرده ی کوشت .پێنجیان به ڕه گه ز خه ڵکی کوردستانی کۆن بوون : گه ئومات (هه رێمی مادۆئێن) ، وه هیزدات(هه رێمی ئارمێن) ، فه ره وه رتیش(هه رێمی مادۆئێن) ، چێران تاخمه (هه رێمی ئه دیابێن ) ، سکونخا (هه رێمی سه ک له ئاترۆپاتێن) و ئه وانی تریش خه ڵکی شووش و بابل و مه رف بوون. دارا هه موویانی به شێوه یه کی دژوار ئه شکه نجه دا،لووت و گوێی کردن، چاویانی هه ڵکۆڵی و پاشان له سێداره یانی دا. راسته ئه م به رده نووسه زۆر مێژووییه به ڵام به ڕای من شکۆدارانه نیه. بۆنی سووکایه تی کردن و پشت گوێ خستنی لێوه دێت. ئه مخاته وه بیری په یکه ره زه رده ئاسنینه کانی که ماڵ ئاتاتورک له کوردستانی باکوور .

19 – زه روانی ئه کران. خاوه نی ئه وه ی هه یه و نیه . باوکی ئه نگه ره ماینو (تاریکایی) و سه په نته ماینو(ڕووناکایی)

20 – ڕه وان . ناخ و ڕۆح

21 – مه ڵبه ندێکی به ناوبانگی کوردستانه و له به شی باشوور دا یه. شاره زوور ده شته. باشووری شاره زوور ئه بێته هه ورامانی شاخاوی و هه ڵه بجه و سه ی سایه ق و پێنجوێن و ئه ربه ت له ده ور و به ریدان.

22 – مه زده ک کوڕی بامداد ناسراو به مه زده کی بامدادان خه ڵکی ئه ستێخر له ویلایه تی په رسه ی ساسانی و شاگردی زه رده شتی خورگان بووه. مه زده ک مۆپوتێکی سه ر به ئایینی مانی بوه به ڵام به پێچه وانه وه بڕوای به ژن هێنان بوو هه ر وه ها هه واداری داشکاندنی داراییه کان به سه ر هه مواندا بوو. له سه رده می که وادی ساسانی دا کۆتایی به ژیانی هات(524/528 زایینی)...

23 – خه سره و ئه نوشیروان (501/571زایینی). به کوردی ناسراوه به نه وشیروان . کوڕی که وادی ساسانی. دوژمنی مه زده ک و لایه نگرانی بوو. له ڕۆژێکدا، دوازده هه زار که سی له مه زده کیه کان کوشت. هه موویانی به سه ره وخواری زینده به چاڵ کرد.

24 – فاشیسته کانی تورکیا پێیان وایه تورک به ڕه گه ز ئه گاته وه به گورگێکی بۆز. باوه گورگه (مسته فا که ماڵ ) خۆی گورگه و به ڕه گه ز ئه گاته وه به گورگه بۆز باوکی تورکانی ئه فسانه ی پان تورکیزمی قێزه ون.

25 – سالۆنیکا . شارێکه له یۆنانستان. کۆمه ڵێک تورک له سه رده می عوسمانیه کانه وه له وێدا ئه ژین. ئاتاتورک له وێ له دایک بوه.

26 – شارێک و پارێزگایێک له باکووری کوردستان

27 – پیه غه مه ری به ناوبانگی به ڕه گه ز کورد . له بابل له دایک بوه . دواتر به ره و باکوور چووه و له ڕحا گرساوه ته وه له وێ خراوه ته ئاگره وه به ڵام به زیندوویی هاتوه ته ده ره وه. ئه م کاره به پێچه وانه ی ئه وه ی که باس کراوه سزادان نه بوه به ڵکوو جۆره تاقی کردنه وه یه ک بوو بۆ ئه و که سه ی که داواکار بووه راستی حه قێقه تێکی نادیار بسه لمێنێت به ڵام هیچ به ڵگه یه کی بۆ سه لماندنی ئیدعاکه ی نه بێت و هه ر وه ها شته ک بۆ به درۆ خستنی ئه و که سه ش به ده سته وه نه بێ. هه ر بۆیه له ناو کوردانی کۆن دا و ئه و نه ته وانه ی تری جگه له کورد که به ڕه گه ز ئارین سوێندیان به ئاگر خواردوه له به ر ئه وه ی ئاگر هێمای خودا و پاکی یه. چوونه ناو ئاگر هه م سوێند به راستی ئیدعایه وهه م پاکانه کردن بووه به دوور بوون له درۆ. تاقی کردنی دواتری ئیبراهیمی شکۆدار هه وڵدان بۆ کوشتنی کوڕه که ی بۆ خۆشه ویستی یه زدان بووه. پاشان چووه بۆ مسر و له ئاکامدا له حێبرۆن سه ر به هه رێمی که نعان (ئیسراییل) گرساوه ته وه .

28 – پیه غه مه ری به ناوبانگی جووله که. خه ڵکی ئیسراییله و له پێش به ڕپا بوونی پاشایه تی ماد به ره و کوردستان کۆچی کردوه و هاتوه ته نه ینه وا پایته ختی ئاشووریه کان.

29-که س وه ڵامی به داخوازی یۆنسی ڕووناک نه ئه دا وه که وا ئه یوت: به پاکی بژین و واز له خه یانه ت کاری و درۆ و ده له سه و بێ ئه خلاقی بێنن. له داخ و تاو دا شاری به جێ هێشت و له بێروونی نه ینه وا دا له قه راخ ڕێگه دا کاتێ ماندوو بوو به ناهومێدی له بێستانێکدا له لای بنه کووله که یه کدا خه وی لێ که وت...

30 – خاوه نی گات سرووده یه زدانیه کان. له بنه ماڵه ی سپیتۆمان . کوڕی پووروه شه سپ و دوغدو. له دایک بووی هه رێمیماننا (ده ور و به ری گۆلاوی ورمێ) له ڕۆژهه ڵاتی کوردستان. مۆپوتی ئایینی موغان بووه پاشان ئایینێکی تازه ی هێنا گۆڕێ و که س وه ڵامی نه داوه و مه جبوور ما به ره و ماد بار بکات. له چه می گه وره په ڕاوه و ڕووی کرده تاراوگه.

31 – چه می گه وره یان دایتی مێژوویی . له نێوان سه قز و سایین قه ڵا دایه.

32 – پیه غه مه ری ئایینی چیروانۆکی ڕووناکی و تاریکی. کوڕی پاتگی هه مه دانی. له گوندی مه ردینۆ له ده ور و به ری تیسفوون له دایک بووه (216 زاییني). نووسه ر و نیگارکێش و سۆفی بووه. له سه رده می شاپووری یه که م دا ژیاوه و له ساڵی 276 ی زایینی دا کۆچی دوایی کردوه.

33 – شارێکه له هه رێمی بادینان له باشووری کوردستان

34 – ناوی ئه سپه که ی حاجی ئه حمه د به گی که نده سووره... حاجی ئه حمه د به گ باوکی یۆنس خان سه رهه نگ حاکمی شاری بانه له سه ده ی نۆزده هه م دا. دۆست و مریدی حاجی کاک ئه حمه د ی سلێمانی بووه. دژ به قه جه ر و عوسمانی شه ڕی کردوه. له ئاکامدا له کاتی گه ڕانه وه له سه فه ری حه ج له شاری یه نبوع له حیجاز کۆچی دوایی کرد .

35 – کاوه، ئاسنگه رێکی بێ ناو و نیشان بوو له شاری سه پاهان سه ر به ویلایه تی ماد له سه رده می ئاشووریه کاندا. چیروانۆکی زوحاک بۆمان ئه گێڕێته وه زوحاک وای لێ هات هه مو ڕۆژێک بڕیاری کوشتنی دوو کوڕی لاوی وڵاتی ئه دا بۆ ئه وه ی مێشکه سه ریان بده نه ده رخواردی دوو ماره ئه هریمه نی یه که ی سه ر شانی وا له جێی ده می شه یتانه وه سه ریان ده رهێنابوو و مه ترسی کوشتنیان خستبوه سه ر زوحاکی مار له کۆڵ. به حوکمی زوحاکی جوانکوژ، گشت کوڕه کانی کاوه یان سه ر بڕی و مێشکیان دا ده رخوارد ماره کانه وه. کاوه شۆڕشی کرد و هاووڵاتیان پشتیان گرت و زوحاکیان له ناو برد....

36 – کوێستانێکه له ده ور و به ری شاری خانێ له کوردستان به شی ڕۆژهه ڵات

37 – کوێستانێکه له هه ورامان به شی ڕۆژهه ڵاتی کوردستان

38 – فه رمانڕه وای ده وڵه تی ماننا له 743-هه تا 720 پ.ز .به پاشای سه رده می زێڕین ناوبانگی ده رکردوه .

39 – حوکمداری جزیر. برای زین و ئه ستی له خه منامه ی "مه م و زین" دا

40 – خاتوو زین. خۆشه ویسته که ی مه می ئالان

41 – مه می ئالان. دڵداره به دبه خته که ی زینی زێدان

42 – وه زیری میری جزیر له خه منامه ی مه م و زین دا. دوژمنی مه م بوو. له ئاکامدا مه می ده رمانخوارد کرد و به کوشتی دا.

43 – قیبله گای ئه زدایيه کان له هه رێمی شێخان له ده ور و به ری مووسڵ

44 – پیر و سه رگه وره ی لایه نگرانی ئایینی موغان له ماد له سه رده می پێش ئیسلام دا

45 – پیرێکی گاور بووه که دواتر بووه به موسوڵمان و له هه ورامان ژیاوه. ناوی په رتووکه که ی" ماریفه تو پیر شالیار"ه

46 – به شوێنی کۆ بوو نه وه ی کاکه یيه کان ئه ڵێن

47 – پیه غه مه ری ئایینی ئه هلی هه ق له سه ده ی سێزده ی زایینی دا ژیاوه

48 – زێڕه وشان خانم دایکی سێ برا له هۆزی فه یزوڵابه گی وا له 16ی فێبریوه ری 1947 دا له گه ڕه کی چنارستانی سه قز له سێداره دران.

49- 49-شێخ عوبێدوڵا نێهری له 1831 له نێهری هی شه مزینان له دایک بوه و ساڵی 1880شۆڕشێکی دژی عوسمانی و قه جه ری ساز کردوه و پاشان گیرا و له لایه ن عوسمانی یه وه دوور خرایه وه بۆ حیجاز و له 1883 دا کۆچی دوایی کردوه.

50-شێخ عه بدوسه لام بارزانی کوڕی شێخ محه مه د بارزانی شۆڕشێکی له بادینان و بارزان دژی عوسمانیه کان ڕێخست و له 1914 له شاری مووسڵ له سێداره درا.ڕۆحی شاد.

51-شێخ سه عید پیران،له دایک بووی شارۆچکه ی خنس1865له ساڵی 1925 شۆڕشێکی سه رتاسه ری له باکووری کوردستان ڕێخست و له ئاکامدا له 25ی ته مووزی1925 له ئامه د له سێداره درا.ڕۆحی شاد .

52-شێخ مه حموود حه فیدزاده به رزنجی،شای کوردستانی باشوورله1878دا له به رزنجه له دایک بووه له ساڵی1922 وه هه تا1924شاهه نشایی کردوه ودژی به ریتانیا شوڕشی کردوه وله 9ی تشرینی یه که می 1956 له به غدا کۆچی دوایی کردوه.ڕۆحی شاد.

53 –شای کوردستانی گه وره له 1821 دا... له برجا به له ک له دێرگول له ده ورو به ری جزیردا پێگه ی دامه زراندبوو حوکمی هه موو کوردستانی ئه کرد و دواتر له لایه ن عوسمانیه کانه وه ڕوخا و له شام کۆچی دوایی کرد.

54-سمکۆ ئاغا،سماییل ئاغا شکاک له چاری له دایک بووه (1875).دوای تیرۆرکردنی جافه رئاغای برای له لایه ن فه رمانڕه وای ته ورێزه وه بڕیاری داوه دژی قه جه ری یه کان شۆڕش بکات و دژی بیرۆکه ی ده وڵه تی ئاسورستان وه ستاوه که له لایه ن به ریتانیاوه پێشنیار کراوه له ورمێ دامه زرێت بۆ ئاسوری یه کۆچه ره کان که له شاڵاوی کوژتاری عوسمانیه کان ڕایان کردبوو و میوانی سمکۆ ئاغا بوون ... مه رشیمۆن سه

رۆکی هۆزی جیلۆ لە بێتشە بابی جۆلە مێرگە وە هاتبوو دژایە تی سمکۆی زۆری کرد و لە ئاکامدا سمکۆ ئاغا مە رشیمۆن و هە موو ئە و کە سانە ی وا لە گە ڵ بیرۆکە ی دە وڵە تی ئاسورستان بوون لە قە ڵای سە ڵماس کوشت...سورمە خانم خوشکی مە رشیمۆن بە هاوکاری قۆنسولی بە ریتانیا لە وانێ لە شکرێکی ڕازاندە وە و بە رە و ورمێ هات و سمکۆ شکستی پێ هێنا و لە گە ڕانە وە دا سورمە خانم 11گوندی دە ورووبە ری ئە لباک (باشقە ڵا)ی سووتاند،سمکۆلە پاش شە ڕ و پێکدادانێکی چە ن ساڵانە لە گە ڵ دە وڵە تانی قە جە ر و پە هلە وی لە ئاکامدا لە ساڵی1930 دا لە سنۆ تیرۆر کرا.ڕۆحی شاد.

55-دوکتۆر عە بدوڕە حمان قاسملو لە 22 تشرینی 1930 لە ورمێ لە دایک بووە.سە رە تا ئە ندامی یە کێتی لاوانی پارتی چە پی توودە ی ئێرانی بوە و دواتر بوو بە سکرتێری حزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهە ڵاتی کوردستان و پاشان بە رە و ئە ورووپا کۆچی کرد ودوکتورای لە ئابوری دا بە دە ست هێناوە و لە گە ڵ هێلێن کورلێچ کە خە ڵکی کۆماری چێک و سلۆواکیا بوو هاوسە رگیری کردوە. لە ساڵی 1989 لە ڤییێنا لە لایە ن کۆماری ئیسلامی ئێرانە وە تیرۆر کراوە.

56-ئە و گۆڕە پانە ی وا قازی محە مە د لە 1946 دا کۆماری کوردستانی ڕاگە یاند.

57ئە و گە ڕە کە ی وا زیندانی سە ربازی سە قزی لێ بوو ئاغاکانی گە ورک و فە یزوڵابە گی و کە سنە زانی لە پاش ڕووخانی کومار بۆ 2 مانگ تیایدا دیل بوون و پاشان لە گۆڕە پانی نزیک ئە و گە رگ کە لە سێدارە دران.ڕۆحیان شاد.

58-مە ڵبە ندی لە دایک بوونی مە لامستە فا بارزانی نە مر.

59-دە شتێکی بە پیتی نێوان تیلە کۆی سە قز و شارۆچکە ی دیواندە رە

60- هۆزێکی بە ناوبانگی کورد

61- کۆنترین بە شی ئاوێستا کە کە لامی حە زرە تی زە ردە شتە

62- شازادە یێکی کوردە لە چیروانۆکی یادگاری زە ریوە ر دا لە گە ڵ سای خە یون دا شە ڕی کردوە و تۆڵە ی باوکی کردوە تە وە

63-باوکی بە ستۆر لە چیروانۆکی یادگاری زە ریوە ردا

## "پاییز"

( بۆ محه مه د ئوزون)

"با" ئاوسە لە "باران"
- هەور هەر ژان ئەبژێرێتەوە
زەویش
هەر وەک هەموو کاتەکانی زا و زێ
نوێنی کۆرپەی تازە لە دایک بووە......
لە درۆی چاوانم دا
کەسکا سۆری[1] نیگای بەهارانە
پەلکە زێڕینەی زوڵفی پاییزی بێریوانە:
بە پەنجە شووشەکانی، دائەدۆشێ ژەکی باراناوی
لە کەشی سێحراوی گەڵاوەران دا،
بۆ هەڵقوڵینی شیری بەفرینی زستانانە
بە سەر زمانی برسی کۆرپەی تازە لە دایک بووی
وەرزی نوێ
لە سروشتێکی خاوەن ئەزموونی پیردا.
چیا تەڕە و
چنار تەڕ و خوار
بای ئاوس شەڕ ئەفرۆشێ بە چیا و چناری لار
چەم شەپۆلاوی،
پاکڵەی پردەکان بەر بە شەپڵاخەی شەپۆلی چەمان،
بەردی بن ئاو قوڕاوی
قەوزە کۆنەکان،
پیرەڵۆک و زەرد و لینج و لیق
-سەرگەردان و بێ ئامانج-
پاپۆڕە شکاوی دەریای گومڕا و شەڕوانن.
بە ڕاستی بە کام بەنداو پەت ئەکرێن
ئەم گیاندارە سەرسامانە؟
لە گەرووی تینووی کام سەحرا دا
وەک بەڵغی داسەپاو
دائەمرکێن؟
هەڵەستونی هەستی کام عەشقی کۆن
لە کەنارەکانی دەریای یادی نامرادی

**ورده شەپۆل ئەدا بە قەبرغەی دا و**

**بە خۆیەوە**

**ئەم بوونەوەرە سەرسەختانە**

**ئەباتە ئاسۆی ناڕوونی چارەنووسێکی نادیاری نامۆ؟**

**وەرزی پاییزە!**

**شینایی ژیان ،**

**بەرەو مۆرایی و خەستی توێژەکانی دەرون ئەچێ**

**هەستیار و هێواش**

**وەک پیاسەی شەیتانۆک بە سەر گەڵای گوڵدا**

**هەر وەک گرسانەوەی ماکی ژین**

**لە بۆری یە وەنەوزاوی یەکانی دارە پیرێکی ماندوو دا**

**هەروەک هەڵهاتنی پەپوولەیەکی دڵناسک**

**لە کولووی ئاورێشم**

**هەر وەک گەشەی ژیان لە وەرزی زەردایی دا. ...**

سە قز 2ی ئۆکتۆبر 2006

1 – کۆڵە کە زێڕینە ، پە لکە زێڕینە

## - دەردی دوری

کام برین
کام سەر سامی
کام دەردی بێ دەرمان
سامالٚترە لە ئاسمانی بێ سنوری دوریەکانی من و تۆ؟
ئەی گوڵتر لە هێرۆ و گەزیزە و هەڵاڵە
ئەی تریفەی چرای ماڵێکی تاک و تەنیا
لە بێروونێکی خەوناوی دا
کزەی پزوسکی تاڵی مۆمێکم
- بێ پەروانە-
لە ئاکامی چارەنووسێکی مژاویدا.
شلی و تراوی هەستی نێرگزێکم
کاتێ شنە پێی شاد ئەبێ
و
بەهار بە لەنجەوە سەمای بۆ ئەکا....
خەستیی هەناسەی شاعێرێک بوو
کاتی وتنەوەی دێڕەکانی دڵتەنگیم.
بەڵام هیوا وەک پەنجەی خەیاڵی تۆ
بە شیشەی هەڵماوی زستانیی پەنجەرەیەکی نزمەوە
ئاسەواری هەستی ئاواتە خوازی منە!

## - چیرۆکی بەرد-

ئەشتاری بی شەرمی بوو:
خزایی و سافی بەدەنت،
هەر وەک نەرمەی ڕانی ڤێنووس
کاتێ دەستم
جڵەوی هەوەسی بۆ چارە وای هەست
شل ئەکرد و ئەخشا
بە سەر ڕێگەی نادیاری حەز
لە ماسوولکە و دەمار و تەزووت دا.
ژنێک
-کە وا تۆ بووی-
خۆی ئەتلاندە باخە چیمەنێکەوە
کە دەستی شەرم و حەیا درووی بووی
هەر وەک ڕاخەری زەوی بۆ ئاسمان.
نەشەی شەراب بوو
بۆنی بەردی دڵت
کە سێحری ئەستەمی و وشکانی بوو
کە ناسکتر بوو لە تیژایی نیگای کەسێ
کە سەوزەڵانی ئەڕواند و
بەهاری واتا ئەکردەوە و
هاوینی ئەبوغزاند و
لە پاییزدا خۆی ئەنواند و
زستانی بە خەونی ورچ و مۆرانە ئەشوبهاند.
بۆنم پێوە کرد
لێوم پێدا نووساند
گەستم
هیچ نەبوو
تەنیا و تەجریدی و تەقلیدی
وەک جاری جاران .........
(پێ کەنیم و چاوم نووقاند)
ئەشتاری بێ شرمی هەوەسی ئەوم بەزاند
هەر وەک "کۆماربی"[1]
سارد و سەرسام
هەر ئەو بەردەی
کە دڵێک بوو

که سێحری ئەستەمی بوو

که بۆنی تەنیایی و تەجریدی لێ ئەهات.

سەقز 29/Oct/2006

---

1- چیروانۆکی سەردەمی هیتی یە کان لە کوردستانی کۆندا

## زه نگی بی وه لام

ئاو له دیواری دەریاوه

رابوورد ،

ماسی له دەرکی شەپۆلەوه خزا ،

کەنار

میوانی دەریای خانەخوێیه

بەڵام زەنگەکەی بێ وەڵامه !

ئاو له پەردەدا

خەریکی راوه ماسی یه

- له خەیاڵی خەونی شینی دا —

14. may. 2006

## ئه زموونی باوک بوون

بۆ ڕێباز مسته فا

ته نیا تۆ خه مه کانم

ئه خوێنیه وه

به هۆنینی وشه کانت

- له چاوم دا-

هاوڕێم!

ئێستا بووم به باوک ...

وه ک ئه و هه سته پیرۆزه ی

دووێنێ له" خۆی "هه تبوو

و

باوکت له" کۆدۆ "و" سکتان"

و هه زاران باوکی کورد

له دڵ خۆیانه وه

لاوپه روه رانه

کردیانه خه ڵاتی گه رده ن به رزی

بۆ مێژووی نێرگز و

چاره نووسی خاک و ئازادی...

هه ست ئه که م به باوک بوون و

ئه م ئه زموو نه م خۆش ئه وێت:

من و تۆ و هه موو باوکان،

باوکین!

12/10/2012/ هه ولێر

## سیمای جوانی

بۆ حه سه ن شافیعی

دووری
مه ودای دڵه له گه ڵ دڵ
هه ناسه
به دوادا چوونی چرکه یه له دووی چرکه
گوڵ ...
هێمای تاسه یه بۆ حه زی دیدار
شه راب
نه شه ی ته زووه
و ئه دا له بزه ی ده مار
قه ڵه م
جه وهه ری وزه ی پیاوه تی یه
له سووڕانی کاغه ز
بۆ سه ربه رزی تۆمار
هه ر وه ک ساڵ له دوای ساڵ
ته شه نه ی سه رفه رازی ره نگی زێوینه
له پێوانه ی تاڵه ڕیشێکی سپی
به عه یاری سیمای تۆدا...
ئه ی پیاوی شاعیر
تۆ هه ستی ئه م نزیکانه ی
هه ناسه ی گوڵی دیداری
و نه شه ی شه رابی مه ڵبه ندی خۆمانی
و قه ڵه م جوانی سیمات ئه نه خشێنێ
به هێمای شێعره کانته وه
له سه ر تۆماری ژیان!

هه ولیر/ 10/10/2012

## شایه تی

بۆ عه بدوڵا په شێو

ژیانم ئه زموون کرد
به کێشی پێڵاوه خه مباره که مه وه...
ئاسنم سووتاند و
به هارم برژاند و
هاوینم ڕاپه ڕاند.
ماسی له گۆمه گچکه دا،ناشاره زایه!

هه ناسه ی ئاسمان
شنه ی باڵی په روانه بوو
وا له گڵکۆی شه مدا سووتا بوو
هه ر وه ک به هاری برژاوی من
وه ک ته مه نی سووتاوی من.
هێشتا ماومه ته وه
هێشتا ئه زموونم له به ره
بۆیه ترسم له ناشاره زابوون نیه
بۆیه کووره خانه ی ژیانم
ئاسن ئه تاوێنێته وه.
من ئاوم گرتوه به شایه ت
که ماسی نیم.
من ئاگرم گرتوه به شایه ت
په پووله نیم...

هه ولێر -08/06/2012

**جوانی و ژن و شێعر...**

بۆ مه هاباد قه ره داغی

جوانی بۆ ژنه

نه فره ت بۆ تاریکی و قوژبنه،

مانگ بۆ زه وی یه

پشتێنه ی نه خشین

بۆ هه ساره ی که یوان

شێعر بۆ هه ستی ئازادی یه ...

ترس براده ری مه رگه

دایک بۆ ڕۆڵه یه و

کۆرپه

بۆ گه وره بوون،

شانه پرچ دائه هێنێ و

شاعێر به هه ست

هه ڵبه ست.

گوڵ بونه وه رێکی ناوازه یه و

نیشتمان و جوانی و ژن و شێعر

گه لئه ستێره ی ئاسمانی هه ستی بێ بڕانه وه ن...

هه ولێر- 2012/10/10-

## چراخانی

بۆ یاده وه ری د.ع. قاسملوو

به شه قامه کانی "ورمێ" دا ئه ڕۆشتم

و خۆر وه ک بووکی شه رمین

له سه ر نوێنگه ی زاوای ڕۆژاوا دا

هه ڵترووشکا بوو

گۆلاوی سوێریش

له باوه شی ده شتی "سیلوانه" دا

نووستبوو،

شنه ی شاخی "برادۆست"

په لکی ڕه زه کانی ئه لسته وه

شه راب له گۆی ترێ دا

زنجی کردبوو

هه ر وه ک ئه ستێره وان

هه ڵتووتاوه به ڕمڵه وه

بۆسه یری هه ساره ی بارام و جه ردیس...

چراخان بوو

هه وا تاریک بوو

باره کان داگیرابوون

ته رمه کان نێژرابوون

ده رگاکان داخرابوون

په نجێره ی ته لاره کان تاک مابوون

په رده کانیش با ئه یشه کاند

ئه وه ی زامدار بوو

خوێ به برینیه وه ئه کرا

ئه وه ی بێدار بوو

زاخ به چاویه وه ئه کرا

نه مه ڵهه م ئه کرا به برینه وه

نه سورمه ش ئه کرایه چاو

ته وێڵکه رانی گه ردوون

ده زوویان به سیمای که ش دا نه ئه هێنا

بۆ هه ڵگرتنی گه نده مووی ئه ستێره کان

بووکی ڕۆژ

چاوه ڕوانی ته واو بوونی شه وی

خه نه به ندان بوو

که تاجی هه تاو له سه ر بدا

وتارای سپیایی دابداته وه

به سێره ی دا...

هێشتا "دم دم" و "چاری"

هێلانه ی بایه قوشن

ده شتی "سه ڵماس" هه نسک ئه دات

کوێستانی "نێهری" بێ نێرگزه و

"شه مزینان" شه مزاوه له خه منامه ی

"شێخ عه به دیلا" و "خانۆی له پ زێڕین"[1]،

"ئۆره مار"

جێ پێی "فه رزه نده ی"[2] به یادگار هه ڵگرتوه

"بالانبۆ"ش

بۆن به کراسی خوێناویی "سمکۆ" وه ئه کات...

به شه قامه کانی ئێواره ی ورمێ دا ئه ڕۆییشتم

چراخان بوو

هێچ بۆنه یه ک له ئارادا نه بوو:

نه شه وی له دایک  بوونێک بوو

نه ئێواره ی ئاوابوونی ڕۆژێکی خه مبار

نه شه وی زستان بوو

نه ئێواره ی نه ورۆز

نه جه ژنه فه تیره ی جوو

نه قیامه تی فه لا

نه مه ولووی موسوڵمان

نه  چوارشه مه سۆری  داسنان

نه  جه ژنه گه وره ی  مه ندایيان

نه "دووی ڕێبه ندان"[3] بوو

نه "یازده ی ئادار"،[4]

ته نیا ئێواره ی شه وێکی ئاسایی بوو

نه ئاشق ببووم به باڵای که ژه ڵێک

نه کیژۆڵه یه ک دڵی دزیبووم به بسکی چین چین

وشه کان

له بیرم دا نه مابوون

بۆ چنینی کراسی داستانێک،

ئیلهامی ئاسمانی یش خۆی نه کێشابوو

به هێشووی هه ستم دا

بۆ هه ڵوه رینی گلاری هێما شیعرییه کان

بازی خه یاڵم له سه رشانی هزرم دا

پشووی دا بوو

مه یلی نێچیرگه ی " ڤیه نا"ی نه ئه کرد

منیش

به شه قامه کانی ئێواره ی ورمێ دا

ڕۆینیم ئه کرد

چراخان بوو

هیچ بۆنه یه ک له ئارا دا نه بوو

چراخانی باڵه خانی ناخم بوو

یادی خۆشه ویستی تۆی

له دڵم دا به رز ڕائه گرت...

هه ولێر- 2012/10/22

1- خانۆی له پ زێڕین،ئه میر خان برادۆستی له ساڵی 1609 دا دژ به شاعه باس سه فه وی وا هاتبوو کوردستان داگیر بکات شه ڕی کرد و له ئاکامدا شه هید بوو و قه ڵای دم دم له ناوه ندی فه رمانڕه وایی ئه و پیاوه گه وره بووه کاول کرا.ڕۆحی شاد.

2 – فه رزه نده جه لالی شه هیدی قاره مانی شۆڕشی ئاگری له 1930 دا

3- ڕۆژی ڕاگه یاندنی کۆماری 1946 ی کوردستان

4- ڕۆژی ڕاگه یاندنی ئۆتۆنۆمی له باشووری کوردستان1970

## ئازادی

برسی بوونتان
تینوو بوونتان
لێوی ڕه ق هه ڵاتووتان
باخچه یه کی ئاوه دانه
مه زراییێکی به پیته
ئاوانیای سه ره تای به هاری بنارانه...

دڵت بێ هیوا نه بێت
له بێ ده نگی دوورگه!
شه پۆل له ده ریا
بزه له ده مار
تروکه له چاو
هه ناسه له هه ناسه
نائاوه ڵایه.

وه رزی نوێ به ڕێوه یه:
هه مووماں
به پیاسه ی که ناری ده ریای ئازاد،
قه رزدارین...!
هه ولێر10/11/2012

## بایه خ

بۆ کاروان عه بدوڵا

برام کاروان!
زه نگۆڵه ی کاروان
گوێی ڕێگه ئه زرنگێنێ و
منیش پاشه ڕۆی قه تاری خه ڵکی بێ به زه یی نیم!
ئاسمان کۆڵه که ی ئه وێ
گه ر ڕاگر له کاروان نه دا و
شه ریکی دز نه بێته ڕه فیقی قافڵه،
چاره وای بێچاره ش
هه ر ماندوویی بۆ ماوه ته وه...

برام کاروان!
من ئیتر له ژووری بێ په نجه ره دا
شیعر ناهۆنمه وه:
په رده کان لا ئه ده م و
له ژێر تیشکی گه رمی هه تاو دا
کار به وشه ئه که م
بۆ ڕاگرتنی یادگاریه کان
له کۆشکی مه ڕمه ڕینی وێژه دا...
ده رکه کان ئاوه ڵان
په نجه ره کان ئاوه ڵان
ڕێگه کان ئاوه ڵان
ئاسمان کۆڵه که ی ناوێ
گه ر ڕاستیه ک بدرکێ و
درۆزن شه رمنانه،
له تاریکی دا
خه ریکی هۆنینه وه ی پاساو بێ
بۆ درۆی پێشووی...

برام کاروان!
من به مستی خۆم
له ڕووبار ئاو ئه خۆمه وه و

لێو بە و گۆزە دا نادە م
مە می ئالان شە ربە تی مە رگی لێ نۆشی...
دە م هە ڵبێنە نادە م بە زارمە وە و
نرخی تایبە ت ئە دە م بە وشە کان و
شە رە فمە ندم بە و کە سانە ی
بایە خ ئە دە ن
بە وشە و ڕاستی و شیعر و ژیان

برام کاروان...!

هە ولێر 2012/11/8

**ناميلكه**

من له هـه ولێرى پايته ختى كوردان
هه وارگه ى ماد و ميتانى و بابان
تاسه ى تۆ ده كه م به وه فادارى
پێشكه شت ده كه م به يادیگارى
ئه م ناميلكه يه به دابى هه ڵبه ست
ياده وه رى تۆم له لايه مه به ست
هێشتا ئه ويندار به يادت ده ژيم
سووتاوى تۆم و ئاگرى بن ڕه ژيم
خۆرى ئه م شاره يه كجاربه تينه
ئاگرى گه رماى زۆر زۆر به قينه
سه فين و خۆشناو گه مارۆى داوه
قه لاو پيرمام و مناره ى به ناوه
جار جار دێيته لام به ياده وه رى
بۆنت هه ست ده كه م بۆ بيره وه رى
سيمات لێم دياره هه رچه ند كرچ و لێڵ
سالآن ڕه وه نده وه ك كۆچه ر و خێڵ
نازانم ماتيى يان شادى به ژين
له لام خانمێكى نازدارى وه ك زين
سيمات گۆڕاوه؟جوانى وه ك جاران؟
شاژنيى له ناو سيمين عوزاران؟
ئه گه ر دلّته نگيت له چى شه مزاوى؟
كێ زيزى كردوويت له چى تۆراوى؟
پێم بڵێ هه ر شادى وه ك جارى جاران
قاقات هه ر پێيه هه ر ماوى خه ندان؟
فرمێسك ئه ڕێژى بۆ مه به ستى خۆت؟
ئه گه ر دابه زايت ئه سپت بۆ ئاژۆت؟
غاردانت بۆ لاى لوتكه ى ئاسۆ بوو
به خۆڕاگرى نه تگرتبوو خوو
ديتت ئه م دنياچه ن بێ به هايه
گه رچى له خۆى دا زۆر بێ خه تايه
ڕاسته عه شقم بووى سه رده مى قه ديم
خۆشه ويستيت بوو له گه ڵم نه ديم
ئێستا ڕاده ستى قه ده رى گۆمم
هه ڵبه ستوانێكى نه ته وه ى خۆمم

ئه و كاته ش وا بووم نامه نووس بۆ تۆ
هه ناسه م ئاخ بوو ناخم بوو بۆسۆ
نه مشارده وه لێت یادی یارانێ
له بیرتم نه كرد به قه د ده مانێ
وه فادار ماوم به هه ر دوو ئه وین
هه ر دوو بیانوومن بۆ درێژه به ژین
ئه م له ئامێزمه و ئه تۆش لێم دووری
ژیان ئه پێوم به ڕێی سه بووری
له ڕابردووی خۆم قه ت شه رمه زار نیم
ماندووی ڕێگه یان ڕه نج به خه سار نیم
ده نگێ دێته گوێم پێم ئه ڵێ : كاكه!
تۆ هه ر سه ر كه وتوویت مه به ستت پاكه
ژیان هێمایه یان وه كوو ڕازه
كلیلی كۆكی ناكۆكه سازه
هه ستت بنوێنه له ڕووی سه ربه ستی
په نجه ت بخشێنه به خۆشی و مه ستی
به باڵای تاردا یان به ژێی ته مبوور
كۆڕێک به ڕپا كه به مه قامی شوور
به كورده وانی ئاهه نگ بگێڕه
هه ر چه ند عه شقه كه ت زۆر دووره لێره
جامێک بنۆشه شاد به ئه ی ئازاد
ده رۆیش به سه ودای ده تكاته وه یاد.
2012/09/14 - هه ولێر

**بۆ دایکمان دانیێل میتێران**

له به هارانه ی بناری "وه نه وشه"
به فرمێسک و بزه وه
هه زار ڕێز و پێزانین
هه تا کێڵگه ئاوه دانه کانی "میۆز" ...
ئه ی دایکی کورد
دایکی ئێمه
خاتوونی تاجداری کۆڵنه ده ر
کورد بوون به تۆوه نه خشینه!
هه روه ها ئازادیش که به رهه می ئیراده ی ئاسن و
هه ستی مه زن بوونه
له ناخ دا
ئه ی دایکی کورد
دایکی ئێمه...
گۆڕت پرشنگداره وه ک
جامی که یخه سره وی و
ئاوێنه ی یه زدان
وا ئه و کاته ی ئاماژه ی به هه بوون کرد
له سیمای که سی وه ک تۆدا
شکۆدار بێت...

جرج

نوری!

"نوری سه عید" ده رپۆشی دۆزه خ بوو

تۆ مالکی دۆزه خ!

یان نا!

هه تیوچه ی په رستگه ی ئه شتاری

بۆ چاوچنۆکی و

وه چه ی ته مووزی

له شارئاشێوی...

به غ نه که ی به سوپای دیجله

که تیگریس

لانکی کوڕی به رده و

شانۆی بێ جل و به رگی ئه شتاره

به ڕسوایی!

نه تۆ گێلگه مه شی چه رخی ئه تۆمی

و نه شاخستان

وه رزی ئه نفالانه به خۆیه وه ده بینێ!

که وا که رکووک پایته ختی وره به رزانه!

له مووسڵ له مووش

له ورمێ یان حه مرین

هه زاران کوڕی وه ک "عه لێشێر"ی به قوربانه!

بڕوانه فه یسه ڵ،قاسم و عارف به هه ردوو برا

حه سه نه لبه کر و سه دامی شێتێش

قه ڵای سه ختی کوردستانی پێ نه ڕووخا!

به تۆ ناکرێ ململانێ و

ڕووش هه ڵاتن

یان چه ق به ستن،پێ داگرتن له لافی زل

له به ر ئه وه ی

پووچت ئه که ین،ئه تپووکێنێن

نه رمت ئه که ین وه ک مۆمی خاو!

داتئه شێلین،داتئه پاچین

ته فرت ئه که ین،توونات ئه که ین،

په ستت ئه که ین،که وڵت ئه که ین

سه ری پڕ نه فره تت

هه ڵئه دوورین له کفنی جاو!

کێڵگه ی که رکووک، مه زرای کوردان

به خوێنی دڵ پاراو ئه که ین...

تۆ جرجێکی پیسی ڕه زیل

ده نکه بژاری نادیار، زه لیل

یان بارۆکه ی په ڕپووتی ڕووت

باشتر وایه ده مبه ست ببی

له ئاست هه ڵۆی شاخی کوردان!

تازه گۆلکی نائازمووده ی

وشترێکی قینپه روه ری

گێره ناکه ی ،بۆ جووت نابی

بارناکێشی وه ک چاره وا

به كه ڵک چی دێت ماری چزدار؟

ڕزقێک له ناو چاوانت دا به دی ناکرێ

نان و دۆبڕ،به خیلی پیس

به رچاوته نگی بڕاو گوریس

کارت چیه؟ده س وشک،بێ پیت

داری بێ به ر،ئه ی بێ سێبه ر

ته شووی بێ ده سک،سفره ی بێ نان

حه وزی بێ ئاو،شووره ی ڕماو

ئه ی بێ هه وێن نانی فه تیر

تازه پیاکه وتووی دڵفه قیر

نه زێو،درزێو،بێ خێر و بێر

به ئازایی نه بوویته فێر

ئه ی چاو برسی،وه ی چێخنشین

کۆرپه زۆڵه ی بابلی به دناو!

ده سپه روه رده ی شای ده روێژان

وا ته نانه ت

مشکی کوێریش

له ماڵی دا نه یخواردوه نان!

بێ ده نگ ببه،گاڵ وه رگوێزه!

پێی به دفه ڕت

له پێڵاوی ئه م میلله ته ،ڕابگوێزه!

با پیت بڵێم به س بێ ده نگ به

فشه ت نه یه و باس جه نگ مه که!

هه گبه ت به تاڵه و هه مبانه ت شڕه!

تۆپ و تانكه كه ت داشقه و ترپترِه!

سه ربازت برسی،سه ردارت دزه

هۆزی گیانفیدات سه رشۆڕ ،مل كزه

"دۆن كیشۆت"ی تۆ،سه ودا سه ری تو

جبه ت ته نه كه،هزرت هی خه ڵكه و

وره ت هی ئه غیار

سه رشێت و گێلی

ئه ی جنۆكه ت یار!

خوێنتاڵ وپووچی،بێ ڕاهێنه ری

سووكی ،به دناوی،بڵقی سه رئاوی

قه وزه ی ڕووباری،لیته ی چڵپاوی

شیاوی سۆز نیت زۆر لێقه وماوی...

كۆتای كه لامم بۆ تۆ ی خاكه سه ر

ئه م نه سیحه ته م

وه ك كراس بیكه به ر:

بڕوات پێم ببێ له به ر چاوان نیت

خۆشه ویست وه كوو كه زی خاوان نیت

ژیر به واز بێنه له م قڕ و قاڵه

قسه ت پێ نیه و ده ستت به تاڵه!

2012/11/17

**بباره...**

بباره ئه ی په ڵه ی ڕه شی گیانبه خش
پاییز به هاری چکۆله یه
ده شته کان تینووی بارانن
"سه فین"، قرچۆڵی گه رمای هاوینی سووره و
مه مکی سرووشت
ئه تکێنێته زاری نه وزادی ژیان
گه رده ی شێداری هه وران
قه ڵه شه کانی زه وی
ته نیا به تۆ پڕ ئه بنه وه
برژانگی وشک هه ڵاتووی دره خت
به ئه سرینت ته ڕ ئه بن و
ئه تکێ به گۆنای ده وه ن دا
قه ڵه می خوا
پڕه له جه وهه ری ژین
ئه ی پاییز
ئه ی شێعری جوانی و ئه وین
ئه ی زێڕینه نه خشی جوانچاک!
2ی پاییزی 2012 – هه ولێر

## جه ژنی ڕه نگه کان

بۆ شه هیار قه نبه ری

تۆ ووتت
"کورد و دره خت و ده ریا سه وزن"
ئه ی برایه تی
ئاشتی وئازادی
له قه باره ی هه مان ڕه نگن
یان له مێژووی ڕه نگنامه دا
شین و سپی و زێوینن؟
تۆ کوردت به سه وز شوبهاند
و دره خت و ده ریاش،
به ڵام تۆ
یاده وه ری هه موو ڕه نگی ڕووباره کانی
ولاَتی ئاشتی خوازانیت...
2012/11/22

**ده ردی شه وه زه نگ**

ئه ستێره کانی ئاسمانت بینیوه
له پاش ده رکه وتنی سیوه یل!
یان په له قاژه ی ماسیی شه وه زه نگ
له سوورایی ده ریای ئاسۆی به ره به یان
له خنکاندن دا؟

وشه مانابه خشی دۆستایه تی یه
یان هاوڕی بوون
به وشه ی ژیان
واتا ئه دا؟

هه موو ئه مانه
پێشکه شه به تۆ
وا ده ردی شه وه زنگت هه ست کردوه
به بێ خنکاندنی ماسی
له سوورایی ده ریای ئاسۆییێکدا!
هه ولیر.2012/11/25

## شێخ ڕه زا تاڵه بانی

شه وی ڕابردوو شێخ ڕه زای شاعێر
ناودار و مه زن ده مڕاست و بوێر
هات بۆ دیده نیم له خه و نازم دا
بۆ دنیای نادیار پڕ له ڕازم دا
هه ر وه ک هه میشه ی نازدار و خه ندان
ده ستێک به گۆچان ده ستێک له گیرفان
به جلی کوردی و شاڵی کرمانی
نازفرۆش به سه ر قاڵی کاشانی
پێنووس له باخه ڵ په ڕ به جه مه دان
پێڵاوی گیوه ی کاری کرماشان
ته سبێحی قه زوان خاڵ دانه دانه
نه خشین و ڕازاو هی هه وەرامانه
ئه سپه که ی کوردی دیاری یۆنس خان
حوکمداره که ی بانه ی خان و مان
هه تا حه زبکه ی شۆخ و جوان بوو
نه رم و خۆش که لام زۆر مێهره بان بوو
یه خه و کراسی هه ر له خۆی جوانه
هاوشێوه ی باڵای میری بۆتانه
عه رزم کرد یا شێخ !گاوت گه ردوون بکه م
شێر و ئه ژدیهات له به ر زه بوون بکه م؟
به خێر بی بۆلای منی خه تاکار
ئه م پێنووس سسته ی که ساس و که مکار
منت گه وره کرد به پایه نازت
چاوم ڕوون وه بوو به دیده ی بازت
ئه ی شای شاعیران پیری نوکته باز
شێخ ڕه زای نه مر زانای وشه ساز
ڕێگه م دژواره و زۆر قورسه بارم
ئاخۆ چه فتم من یان لاڕێ کارم؟
"ئه ی میوانه که م میوانی ئازیز
به ڕۆژ به هار و شه وانی پاییز"
سه یرکه که رکووکت نازی شێواوه
رووباری نازی وشک و بێ ئاوه
عه ره ب هه ڵتووتا وه ک پشیله ی بۆر
ڕه ش داگرساوه بوو به شین و مۆر

عه جه م و ڕوومی کلک هه ڵقورتێنن
تووی شه ڕ فرۆشی بۆ ئه تررووکێنن
سوپای دیجله ت دی فه وجی به دکاران
به عسیه که ی دوێنێ و ئه نفالچی کاران؟
ئێستا یه کگیرن،پرچه ک و یه ده گ
قیاده ی مالیکی نۆتووره که ی سه گ
ئه و هه رزه کاره ی دنیای سیاسه ت
بێ عه قڵ و بیر و نه دار کیاسه ت
به کلکه سووتێ خۆی په ڕانده وه
ده ستی خاوه نی خۆ ی گه زانده وه
ئه و چه قه ڵ زاده ی بێ بنه مایه
قازانج ئه دزێت و سه ر ئه خوات مایه؟
ئه و چه ته زاده ی بێ به خت و ئێقباڵ
ده ستی داوه ته کارێکی مه حاڵ:
ئه وه ی وا ڕووس و ڕووم و فه ره نگی
عه ره ب و عه جه م،بێگانه و زه نگی
توورک و سه لجوقی،مۆنگۆل ،فه ده وی
عوسمانی و تاتار فارس و سه فه وی
که ماڵی و فاشیست پاشای په هله وی
ساسانی گه ری و ئاژاوه که ی هۆن
ئه فله قی و به عسی و ئادۆلۆژیای کۆن
فکری عه ره بی یان په نئێرانی
تورکیای مۆدێڕن شه ڕی خێزانی
خۆخۆری و پیسی و درۆ و خه یانی
نه یروخاندوه ته ختیی که یانی
ئه یه وێ بیکات به کات و ساتێ
قه ده ر شووم بکات به مه رگه ساتێ.
ئاخۆ ئه ی شێخی که لام نورانی
مه ردوود به حوکمی فارس و تورانی
چاره مان کامه و ته کبیرت نیه؟
بۆ ئه م ڕۆژانه بۆچوونت چیه؟
شێخی تاڵه بان شێخ ڕه زای که رکووک
مه ردی به غیره ت پیاوی ڕه زاسووک
شێخ ڕه زای گه وره زانای دڵزامدار
سیما زستانی و ده روون وه ک به هار
به بزه ی لێوی وه ڵامی داوه

هێنایه یادم ئاڵاکه ی کاوه
به چاو ئاماژه به زمان بێ ده نگی
هێنایه یادم پرسی یه کرِه نگی:
که گه ل یه کده س بوو به پرس و رِا بێ
هه رده م سه رکه وتووی سه ر بێ به ڵا بێ
گه وره و بچووکی دابێ ئه خلاقه
نه ماوه چه رخی کۆت و فه لاقه
فره که یخوایی و پاشاگه ردانی
ئه مانباته ناو به ڵا گه ردانی
بێگانه ویستی و ده س له سه ر سینه
به وره ی شرِ و وزه ی به پینه
ترس و کۆرِه و و وه رزی چۆک له رزان
کۆتایی با بێت دۆخی ده س وه ستان
هه ستی ناکورد بوون پاساوی نیه
مه زرا که دێم بوو به راویی چیه؟
یه زدانی گه وره خاوه نی ژیان
به کوردیی داوه خاک و فه رِ و زمان
نه خه تای خوایه و نه که تنی نه یار
نه قه ده ر شوومه و نه به ختیشی زار
شوانی رِانه مه ر به رپرسی مێگه ل
له هه مبه ر گورگ و که متیار و چه قه ڵ
کاتێ ته مه ڵ بوو یاکوو ده غه زار
گورگ خۆی لێ ئه دا و ئه یکا شه رمه زار...

هه موو به رپرسن له تاک و به کۆ
له جۆڵاخانه ببنه یه ک مه کۆ
کورد بوون هه ستێکه و له گه ڵت ئه زێ
وه ک خوێنی دایکه و تێکه ڵت ئه بێ
کێ دایک فرۆشه کێ خوێن فرۆشه؟
کێ بۆ هه ستی خۆی هه ر بێ په رۆشه؟
مه گه ر سه فی و گێل یان بێ ئیمان بێ
نه فره تکراوی خوای ئاسمان بێ!

سه رم نه وی کرد بۆ شێخی ته نناز
خۆش قسه و عه یار زانا و نوکته ساز
سه رم هه ڵێنا شێخ ناپه یدا بوو

گیانم له تاسه هه ر له سۆیدا بوو
کاتێ ڕاپه ڕام له و خه وه خۆشه
هه ستم سه رمه ست بوو له و جامه نۆشه
هه زاران سڵاوم پێشکه شی ئه و کرد
ماڵئاواییم له هه وارگه ی خه و کرد
ده ستم دایه قه د پێنووسی به ڕێز
ئه م شێعره م نووسی بۆ وڵاتپارێز...

2012/11/20 هه ولێر

## سه قز

سه قز شاره که م مه ڵبه ندی جوانی
هاوپایه ی ورمێ و سنه و سلێمانی
براکه ی بانه و ڕه فیقی سابڵاخ
یادی به رزی تۆ ئه هه ژێنێ ناخ
هاوڕێی قه دیمیی هه وشار و بۆکان
شنه ت ده رمانی ده ردی خه مۆکان
هاونازی وان و هه ولێر وبه دلیس
له تۆوه دوور بێ چاوی ڕه ش و پیس
هاوده ردی که رکووک،سێرت و قامشلۆ
خۆشه ویستی من پێشکه شه به تۆ
هێزی هه ناوی کوردستانه که م
شای جوانی و خۆشی و ماڵباوانه که م

سه قز لانکی من!هه ورت ده سرازه م
شوێنی چواروه رزان ،وارگه ی به گزاده م
شێوه و شه وکه ت جوان،ئه ی شیرین ڕوخسار
ئارام و هێدی ، ئه ی هێمن ڕووبار!
تۆی دراوسێی سه رشیو،مه زرای ئه رده ڵان
تۆی چاوه ی گه ورک ، ده رگای موکریان

تۆ شه وقی خانووی مێژووی گه شاوه ی
بووکی ڕازاوه ی له ناو که ژاوه ی
ئه وه نده جوان و له به ر دڵانی
ناتده م له پێناو کۆشکی ساسانی
شاخی "وه نه وشه" هه ر له تۆ جوانه
ده شتت مێهره بان ،"ڕووش" خان و مانه
پرشنگی خۆری چیای مه ڵامحه مه د
تۆ ئه پارێزێ له که تن و له به د

تۆ زێدی منی هه ناسه ی منی
ئاواتی هه ستی پڕ تاسه ی منی
باوکم سنه یی و دایکیشم موکری
باپیره م ئاغا و داپیره م گوندی

چاوم هه ڵێنا و سه قزم بینی
خۆری ڕووناکی وه رمزم بینی

خزمه تت ئه که م به دڵ و به گیان
شایه نی نیه به خت که م بۆ تۆ ژیان
خۆشبه ختی دنیام هێنا به دیاری
پێشکه شت ئه که م به شه رمه زاری
به تۆوه خه نیم به تۆوه شادم
مه گه ر مه رگی من بتبا له یادم

به ینی من و تۆ به که س ناشێورێت
خۆشه ویستیمان به که س ناپێورێت
سه به ب وه فایه و دیاری خودایه
ئه وینی به ینمان وا بێ مه ودایه
په سنت په سه نده و دڵ بۆت په رۆشه
خوا بتپارێزێ هه ست بۆت به جۆشه
سه ربه رزم  به وه خه ڵکی خاکی تۆم
گۆش کراو به ئاو کانیی  پاکی  تۆم

سه قز ئه ی شارم وارگه و هه وارم
ئه وینی شیرین، نازه نین یارم
کوردستان به تۆ شاد و ڕه نگینه
گه نجینه ی زێڕی له تۆ زه نگینه
دۆستایه تی من بۆ تۆ تۆ بۆ من
هه تا هه تا یه و دوور له ده س دوژمن.

2012/11/29

**باوکم**

به تۆوه پێناسه م کرد
ژیان و مان له ژین
توورِه یی و بێ ئۆقره یی و
ماندوویی و
ئاره قی ناوچاوانت و
ئاواته به دی نه هاتوه کانت ...
به ڵام ئه ی باوکی من
به دیهێنه رم!
ژیان هه ر ئه وه نده شیاوه
که توورِه ببی و بێ ئۆقره بی و
ماندوویی نه ناس بی له ماندوو بوون دا!
چ تۆ و هه م من و هه م که سانی تر...
ئاره قی ناوچاوانمانه و
ئاواته به دی نه هاتوه کان!

2012/11/30 هه ولێر

## سه رباز و شاخ

له پاش پێکدادان
له دوای شه ڕ و شۆر
له دوای جه نگێکی دژوار
پیره سه ربازێکی تینووی تۆزاوی
به بۆتی چه ک
به جلکی شڕ
به ئه ستۆی خوار له پاشگه ز بوون
به جه رگێکی خوێنین له خه م
ڕووی کرده شاخ به ئامانجێک
هه ڵبێت له ده س قه ده ری شووم.
فیشه ک خه سار
گیان بوو به بار
ترساو ،شه مزاو له دۆڕان و
به زاو
به رۆک دڕاو
قۆپچه په ڕاو
سه ر بێ کڵاو
که مه ر له سه ر پانتۆڵ ترازاو
به دبه خت،ڕه زیل
شه رمی شکست
دائه پڵۆسێ وزه ی هه ناو
له سه ربازی له شکر شکاو
دۆڕاو سه رشۆڕ
براو سه رکه ش
به زیو بێ به ش له بزه ی ناز
بردوو ئه فرێ هه ر وه ک شاباز

... به ده م ڕۆیین گه بیشته زێ...
زێی کوردستان به زه ی هه بوو
نه رم و نیان
شیرین به یان
به خشنده خوو
ده س و دڵ بڵاو....

سه رباز
خۆی دایه ده س ڕووباری زێ
له ئاوی خوارد
چه ن مستۆکه،
گه رووی تینووی بووژایه وه.
خۆی پێ ته کاند
تۆزی ڕه واند
ئینجا هه ر بوویه وه به و ئه فسه ره ی
پێش به ره ی شه ڕ...
ڕووی کرده گردێکی بڵند
به هیوایه ک
هاوڕێ دۆڕاوێک ببینێ
بۆ سه بووری ده ردی به زین
بۆ هاوخه می کۆستی شکست
یان بۆ هاوده ستی کردنێ
چاره بکات
ئه م وون بوونه له سه ر خاکێ
وا گڵکۆ بوو
بۆ له شکری ژێر ده ستی ئه و!

که س دیار نه بوو
هه ر بناره و توند کراوه له پاڵ بنار
هه ر نزاره و دووراوه به چینی زنار
دۆڵه،چه مه،چیایه
ئارجه ،داره،گیایه
کوێستان و دارستان و شاخستان
زنوێره ،ڕه زه و باخستان...
کوا سه رباز؟کوا تۆپ؟کوا تانک؟
کوا له شکر؟کوا سوپا؟کوا هه را و بانگ؟
کوا هاوقه تارێک وا ببێ به هاوده نگ؟
ئه فسه ری فارس
له سه ر هه وراز
هاواری کرد هه ر وه ک به راز:
ئه ی کوردستان!
ئه ی هه وارگه ی شاخ و شێران

خاوه ن مێژوو
ئه ی به خشه نده، ئه ی مێهره بان
هێلانه که ی سیمر و زاڵ
خاکی ڕۆسه م ،گۆڕی زۆراو
لانکی ژیار ،باخی به هه شت
وا مه زدای پاک
تۆی خه ڵات کرد به م نه ته وه!
زه رده شت،کاوه،شه هه نشای ماد
پاشای گه وره،سوڵتان سه هاک
به درخان به گ،کاردۆخ،گۆتی
قه ده م خێر و خانمی خانزاد
هه مووی له تۆن، ئه ولادی تۆن
تۆ بۆ نه بووی به دایکی من؟
...........................
ئه مانه ی ووت ئه فسه ری پیر
به ڵام دڵی پڕ کینه بوو
ته زی به زان
ته نگی به وزه ی هه ڵچنیبوو،
به ی ده س،که ساس داماو ،زه لیل
وه ک باوک مردوو مات و کۆلیل
حه سوود،پڕقین،شۆفار،به خیل...

له بن به ردێ شانی دادا
خۆی خسته نێو ته وقی قه ده ر
چه ن سات به سه ر ئه و ساته دا
کات تێپه ڕ بوو
دڵی به ر بوو
وزه ی مێشکی که وته بزاڤ:
ڕا بکه م ؟بۆ کوێ بڕۆم؟
هه ڵبێم؟له کوێ که لێن؟
ده رچم؟ کوا ده رفه تی ده رچوون هه یه؟
هاوار ببه م بۆ شاخ و داخ،بۆ ڕه ز و باخ؟
یان بۆ مرۆڤێک ڕه حم و به زه ی هه بێ له ناخ؟

ڕوانی یه دوور
بۆ ئاسۆی سوور

بۆ خۆرنشین
ڕۆژهه ڵات و باکوور ،باشوور
زانی له دوورگه ی غوربه ته
لا پاش له پێش له لاشیپان
بازدان له شاخان سه غڵه ته...

سه ربازی دڵڕه ش خوێنڕژێن
بی بایه خ و په ست و که ساس
بێ فیشه ک و هه ست و ووره
ناهومێدی و ساردی و به ڵا
ده ردی پێدا.
که وته نزا و پاڕانه وه
له لای خودا:
وا ئه ی خودا
منی سه رباز
جگه له وه ی وانه ی وڵاتپارێزیم خوێندوه
یان به دابی سۆز
وه فاداریم هه ڵگرتوه
چیم کردوه که وا ئه تۆ
که وتووی به قین له گه ڵ مندا؟
وڵاتی من خاکی منه
ئه یپارێزم،له سه ر هه ر بسته خۆڵیکی
خوین ئه ریژم
گیانی خۆشم ئه که م فیدا!
بۆ ئه م خه ڵکه پێی نازانن؟
مه به ستی من پاراستنی ئه م خاکه یه
وا به شێکه له خاکی من
مه ڵبه ندێکه له وڵاتی من...

له پڕ ده نگێک وه ک زه نگۆڵه
یان له شێوه نرکه ی برووسک
که شی داگرت
لاژه و لاوه ی سه ربازه پیره ی
کۆتا هێنا...
:
به سه ئیتر ده سبه ردار به!

واز له دروشم و هه ڵدا بینه
هه ندێ ڕاست به
ته نیا خودا و ئه م کوێستانه
بیسه ری تۆن…
درۆش به سه!
نه خودا و نه شاخ
بڕوا به گاڵته ی تۆ ناکه ن!
هیچ پاساوێک بۆ تۆ نیه
گه ر تۆ پیاوی، ڕۆڵه ی ده شتی زێدی خۆتی
گه ر تۆ هه ڵۆی،ته یری ساخی واری خۆتی
ئه ر تۆ شێری،ئاسکی،بازی
سه وڵی ،گوڵی،هه ر وه ک باخی
گیانبه خش و پاک وزه ی ناخی
له ماڵی خه ڵک به ختی خۆت تاقی مه که وه!
گه ر میوانیت
به زۆر سفره و خوان و خواردن
به مازووان حازر مه که
گه ر ڕێبواری کێڵگه ی خه ڵکی
دارمه چێنه به مه به ستی داگیرکاری
گه ر ئه ته وێ
خانووی که سێ بڕووتێنی
له به ر مه که جلی هه ژاری و نه داری
کێشه ی تۆ هی ناخی خۆته
شه ڕ مه کڕه و شه ڕیش مه فرۆشه
مێژوو به درۆدا لا مه ده
سته مکاری هه ڵه ی نه فسه خۆت تووش مه که!
هه زار به ڵگه ت له گه ڵ دا بێ
تۆ ناکاته ڕۆڵه بۆ من
کۆرپه ی منیش له هه ر گۆشه ی
ئه م جیهانه
هه ستی هه بێ،هه ر هی منه!
کاتێ وایه
ماندوو بوونت بێ بنه مایه!
هه ر چه ند وڵاتپارێزیت به نرخه
خۆشه ویستی تۆ بۆ خاکت
زۆر پیرۆزه

به لام سه د حه یف و داخ
لێکدانه وه ت بۆ ڕاستیه مێژوویی یه کان
کاره ساتی داوانه کراو
ئه خولقێنیٚ!
تۆ دڵنیایت بۆ ئه و خاکه
وا پێت وایه
مه ڵبه ندێکه له وارگه ی تۆ
خوێن ڕژتنی ئه و که سانه ی که زێدیانه
جێگه ی فه خر و شانازی یه؟
بۆ پێت وایه
پێزانینی هه ستی ناخت
زۆر دژواره؟
باپێت بڵێم ڕۆله ی منیش
به ژیریی خۆی هه سته کانت باش ئه ناسیٚ:
داگیرکاری،چاوپچڕاوی،نادڵسۆزی،ته ماحکاری
چه وسێنه ری،قینپه روه ری،ده مارگیری،سته مکاری
نادادوه ری ،پیسپه روه ری،خۆپه رستی،خراپکاری
له لای تۆیه:
سووکایه تی،دژایه تی،به دپه یمانی،که تنکاری
ڕووش هه ڵاتن،گویٚ داخستن،زماندرێژی،فیتنه کاری
له ده ستێک دا جامێکی زێڕین،
له ده ستێک دا خنجێری ڕووت
له پاشه مل تیراوێژی له به رامبه ر ئه فسوونکاری
پێلانگێڕی،مێژووگۆڕی،داو و تۆڕی
ئاره زوومه:
هیچ دوژمنێک
به تۆڕت سزا نه دریٚ به به دکاری
گه ردوون حه یرانه له زمانت
فێڵه بازی،درۆزنی،قاپانکه ری زۆر جامبازی
ترسه نۆکی،بیٚ ئیراده ی
دۆستایه تیت تاسه ر نیه،چاپانکه ری
ڕه فیقێکی نیوه ی ڕێگه یت،بۆ ئاژاوه سه به بسازی
دووڕوویت،دووزمان،شۆفار،به دیت
ده مامک پۆشیت له دوژمنی زۆر به جۆشیت
شه ڕپه روه ر و کینه خوازیت،دوژمنی هه رئاشتی خوازیت
چه فت وچێڵ و خوار و خێچی

له مه ڕ سۆز و بایه خه کان
پێت فشه یه ئه خلاقی جوان
ئینجا برۆ به رۆک به رده
وڵاتپارێزی به هه سته
به تێکۆسان
به شێوازی نه رم و نیان
به رێزگرتنه بۆ ژیان
به ئاشتی و ئازادی خوازی
به کوژانه وه ی ئاگری قین
به دڵسۆزی بۆ مرۆڤه کان
بێ جیاوازی،بێ ره چاوی قازانجه کان
هه موو دۆست بن به لاته وه
پێشه نگ نه بی بۆ دوژمنی
بۆ شه ڕخوازی...
دۆستی خه نده و ئاوه دانی و سه ربه ستی بی
ده سپێشخه ر بی بۆ برایه تی
بۆ به رز ڕاگرتنی بایه خه کان...
ئه و خاکه ی وا تۆ پێت وایه
مڵکی تۆیه
له پیناوی خوێن ئه ڕێژی
هی کوردانه
دانیشتوانی کۆنی ئه م سامانه...
...............................
سه رکۆنه ی شاخ و
زگه دڕێی سه رباز
هه تا ئه م کاته س به رده وامه
سه رنج ڕاکێشه:
شاخ هه ر ده نگی دێ و
پیره سه رباز
بێ تیر و ته قه
ده مانچه کێشه!

هه ولیر ,سه ره تای‌کانوونی یه که م 2012